زنجیرەی پەروەردە و بانگەواز

(١١٣)

# ڕێنمایی کردنی مرۆڤەکان

## بۆ بنەما و بابەتە گرنگەکانی

# ئاینی ئیسلام

پرسیار و وەڵام

(إرشاد الأنام إلـــى أُصول ومهمات دين الإسلام سُؤال وجَواب)

سماحة الشيخ عبد العزيز بن عبد الله آل الشيخ

**پێشەکی بۆ نووسیوە و ئامۆژگاریشی کردووە بە وەرگێڕانی**

**هەروەها**

معالـــي الشيخ العلاَّمة صالـــح بن فوزان الفوزان

معالـــي الشيخ العلاَّمة صالـــح بن عبد العزيز آل الشيخ

**خوێندویانەتەوە و پێشەکیشیان بۆ نووسیوە**

**لە ئامادەکردنی**

**دکتۆر** : عمر بن عبد الرحمن بن مـــحمد العمر

**وەرگێڕانی**

**محمد عبد الرحمن لطيف**

**وتارخوێنی مزگەوتی (شێخ إبراهیم) / کەلار**

**چاپی سێیەم** ١٤٤١ ك

**ناوی کتێب** : **ڕێنمایی کردنی مرۆڤەکان بۆ بنەما و بابەتە گرنگەکانی ئاینی ئیسلام** .

**ناوی نووسەر :** الشيخ الدكتور عمر بن عبد الرحمن بن محمد العمر .

**ناوی وەرگێڕ :** محمد عبد الرحمن لطيف .

**زنجیرە :** زنجیرەی (١١٣) لە (زنجیرەی پەروەردە و بانگەواز) .

**ژمارەی سپاردن :** ژمارە سپاردنی (١٥٦٥)ی ساڵی (٢٠١٩) پێ دراوە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە .

**نۆرەی چاپ :** سێیەم .

**ساڵی چاپ :** ١٤٤١ ك ـ ٢٠٢٠ .

**شوێنی چاپ** : چاپەمەنی زانا / سلێمانی .

## لە بڵاوکراوەکانی
## کتێبخانەی زانستی بەسوود / کەلار

قال الإمام الشافعي رحمهُ الله :

كُلُّ العُلومِ سِوَى القُرآنِ مَشغَلَة ... إلَّا الـحَديثَ وإلَّا الفِقْـهَ في الدِّينِ

العِلمُ ما كانَ فيـهِ قال حَدَّثنا ... وما سِوَى ذَاكَ وَسواسُ الشَّياطيـنِ

**پێشەکی** (سَماحة الشيخ عبد العزيز بن عبد الله بن محمد آل الشيخ)

بسم الله الرحمن الرحيم

الْـحَمْدُ للهِ رَبِّ الْعَالَـمِين ، وَصَلَّـى اللهُ وَسَلَّم عَلَـى نَبِيِّنَـا مُـحَمَّدٍ وَعَلَى آلِهِ وَصَحْبِهِ أَجْمَعِين ، أَمَّا بَعْدُ :

بەڕاستی من پێداچوونەوەم کرد بۆ کتێبی (**ڕێنمایی کردنی مرۆڤەکان بۆ بنەما و بابەتە گرنگەکانی ئاینی ئیسلام**) کە دکتۆر (عمر بن عبد الرحمن العمر) ئامادەی کردووە ، ئەم کتێبە سەرەڕای بچوکێتی قەبارەکەی بەڕاستی پرس و باسە گرنگەکانی بابەتەکانی یەکخواپەرستی و بیروباوەڕی ئەهلی سوننە و جەماعەی لەخۆگرتووە ، لەگەڵ باسی ئەحکامەکانی دەستنوێژ و نوێژ و زەکات و ڕۆژوو و حەج بە کورت و پوختی .

وە بەڕاستی من بینیم کتێبێکی بەسوودە لە پێکهاتەکەیدا کە لەسەر شێوەی پرسیار و وەڵام و بە دەستەواژەی ئاسان داڕێژراوە بۆ ئەوەی خوێندنەوە و تێگەیشتنی ئاسان بێت بۆ خوێنەر ، وە باشوایە ئەم کتێبە وەربگێڕدرێت بۆ سەر

زمانەکانی تر بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی کە بە جگـە لـە زمـانی عەرەبی قسە دەکەن بەهەمان شێوە سوودی لـێوەربگرن .

وَصَلَّى اللهُ وَسَلَّم عَلَى نَبِيِّنَا مُحَمَّدٍ
وَالسَّلَامُ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَةُ اللهِ وَبَرَكَاتُهُ

**موفتی تێکڕای شانیشینی عەرەبستانی سعودیە**

**سەرۆکی دەستەی گەورە زانایان**

**سەرۆکی گشتی تووێژینەوەی زانستی و فەتوادان**

عبد العزيز بن عبد الله بن مـــحمد آل الشيخ

**پێشەكی** (معالـــي الشيخ العَلَّامة صالـــح بن فوزان الفوزان)

بسم الله الرحمن الرحيم

**سوپاس و ستایش بۆ خوا و دوای ئەوە :**

**پێداچوونەوەم كرد بۆ كتێبێكی** (الشيخ عمـــر بـــن عبـــد الرحمن العمر) **بە ناونیشانی (رێنمایی كردنی مرۆڤەكان بۆ بنـەما و بابەتـە گرنگـەكانی ئـاینی ئیـسلام) ، بینـیم كتێبێكی بەسوود و باشە لەگەڵ كورتی و پوختیەكەی ، خوا پاداشتی خێری بداتەوە و سوودی پێبگەیەنێت .**

وَصَلَّى اللهُ وَسَلَّم عَلَى نَبِيِّنَا مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِهِ وَصَحْبِهِ

**نووسینی**

صالـــح بن فوزان الفوزان

عضو هيئة كبار العلماء

١٠ / ٢ / ١٤٣٧ هـ

**پێشەکی** (معالـــي الشيخ العَلَّامة صالـــح بن عبد العزيز آل الشيخ)

بسم الله الرحمن الرحيم

سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان ، وە صەڵات و سەلامیش لەسەر بەڕێزترینی هەواڵپێدراو و نێردراوەکان و دوای ئەوە :

پێداچوونەوەم کرد بۆ کتێبی (**ڕێنمایی کردنی مرۆڤەکان بۆ بنەما و بابەتە گرنگەکانی ئاینی ئیسلام**) کە هی مامۆستای ڕێزدارە دکتۆر (عمر بن عبد الرحمن العمر) ، بینیم ـ سەرەڕای بچوکێتی قەبارەکەی ـ کتێبێکە هەموو ئەو باس و بابەتانەی لەخۆگرتووە کە جێی گرنگیپێدانی موسڵمانە لە بواری عەقیدە و بیروباوەڕ و عیبادەت و پەرستشەکانی .

وە دانەر ـ خوا یارمەتی بدات ـ چاکی کردووە لە هەڵبژاردنی پرس و باسەکان و هەمە جۆربوونیان ، هەروەها چاکیشی کردووە لە کورت و پوخت بوونیان و بەڵگەهێنانەوە بۆیان بە چەندین بەڵگە لە قورئان و سوننەت و نمایش کردنیان بە شێوازی پرسیار و وەڵام .

داواكـارم خـوا لـه دانـهر رازی بێـت و پاداشـتی خێـری بداتەوه و سوود بگەیەنێت به زانستەکەی .

وَصَلَّى اللهُ عَلَى نَبِيِّنَا مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِهِ وَصَحْبِهِ وَسَلَّم

**وەزیری کاروباری ئیسلامی و بانگەواز و رێنمایی**

صالـــح بن عبد العزيز بن مـــحمد آل الشيخ

❁ ❁ ❁

*** پێشەکی دانەر :**

سوپاس و ستاییش بۆ ئەو خوایەی کە هیدایەتیداین بۆ تەوحید و سوننەت ، وە صەڵات و سەلامیش لەسەر پێغەمبەری هیدایەت و رەحمەت ، پێغەمبەرمان (مُحَمَّد) وە لەسەر کەسوکار و صەحابەکانی ، دوای ئەوە :

بەڕاستی فێربوونی تەوحید و بنەماکانی ئاین لە گرنگترینی پرسە گرنگەکانە و لە پێویسترینی بابەتە پێویستەکانە ، بۆ ئەوەی کە بیرباوەڕ و عەقیدە بیرباوەڕ و عەقیدەیەکی ڕاست و دروست بێت ، وە پەرستش و عیبادەتیش پەرستش و عیبادەتێکی شەرعی و پاك‌وپوخت بێت بۆ روومەتی خوای گەورە و گونجاویش بێت لەگەڵ شەریعەتی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ، وە لە پێناو ئەوە ئەم پەڕاوە کورتەم نووسی لە ژێر ڕۆشنایی قورئان و سوننەت و ئەوەی کە زانایانی ئوممەت و پێشەوایانی بانگەواز نووسیویانە لە پەڕاوە بەسوود و گرنگەکان ، وە ناوم لێناوە : (إرشادُ الأنام إلى أصول ومُهمَّات دينِ الإسلام / **رێنمایی کردنی مرۆڤەکان بۆ بنەما و بابەتە گرنگەکانی**

ئاينی ئیسلام) ، وه دابەشم کردووه بەسەر چەند بابەتێك بە شێوازی پرسیار و وەڵام بۆ ئەوەی کە نزیکتر بێت لە تێگەیشتن و پەیبردن بە ڕاستی .

وه داوا لە خوای گەورە دەکەم کە پاك‌وپوختی بکات بۆ ڕوومەتی خۆی و گونجاویش بێت لەگەڵ ڕەزامەندی ئەو و بەسوودیش بێت بۆ عەبدەکانی .

وَصَلَّى اللهُ وَسَلَّم عَلَى نَبِيِّنَا مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِهِ وَصَحْبِهِ أَجْمَعِين

# بابەتی سێ بنچینەكان

**پ ١ / ئەو سێ بنچینەیە كامانەن كە پێویستە لەسەر هەموو موسڵمانێكی پیاو و ئافرەت بیانزانێت ؟**

ئەو سێ بنچینەیەی كە پێویستە لەسەر هەموو موسڵمانێكی پیاو و ئافرەت بیانزانێت بریتین لە :

١ ـ بەندە پەروەردگاری خۆی بناسێت .

٢ ـ بەندە ئاینەكەی خۆی بناسێت .

٣ ـ بەندە پێغەمبەرەكەی (مُـــحَمَّد ﷺ) بناسێت .

**پ ٢ / كێ پەروەردگار و پەرستراوتە ؟ وە كامەیە بەڵگە ؟**

پەروەردگار و پەرستراوی من ئەو خوایەیە كە پەروەردەی كردووم و پێیگەیاندووم و هەموو جیهانیان (بەدیهێنراوەكان)یشی پەروەردە كردووە بە نیعمەتەكانی ، وە تەنها ئەو پەرستراومە و جگە لە ئەو هیچ پەرستراوێكی ترم نییە ، وە بەڵگەش لەسەر ئەمە فەرمایشتی خوای بەرز و پایەدارە : ﴿ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَـٰلَمِينَ ﴾ واتە : سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی كە پەروەردگاری هەموو جیهانیانە .

**پ ٣ / به چی پەروەردگار و پەرستراوەکەتت ناسیوەتەوە ؟ وە کامەیە بەڵگە ؟**

پــەروەردگار و پەرســتراوەکەی خــۆمم ناســیوەتەوە بــە نیشانەکانی و دروستکراوەکانی ، وە لە نیشانەکانی* : شەو و ڕۆژ و خۆر و مانگە ، وە بەڵگـەش لەسـەر ئەمـە فەرمایـشتی خوای بەرز و پایەدارە : ﴿ وَمِنْ ءَايَـٰتِهِ ٱلَّيْلُ وَٱلنَّهَارُ وَٱلشَّمْسُ وَٱلْقَمَرُ ۚ ﴿٣٧﴾ ﴾ [فصلت] واتە : لـە نیـشانەکانی پـەروەردگارێتی خوای گەورە شەو و ڕۆژ و خۆر و مانگە .

وە لە دروستکراوەکانیشی : حـەوت ئاسمانەکـە و حـەوت زەوییــەکە و ئەوانـەی کـە تێیانـدا هـەن و ئەوانـەش کـە لـە نێوانیاندا هەن ، وە بەڵگەش لەسەر ئەمە فەرمایـشتی خـوای بــەرز و پایــەدارە : ﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ ﴿٣٢﴾ ﴾ [إبـــراهيم] واتــە : ئــەو خوایــەی کــە ئاسمانــەکان و زەوی دروستکردووە .

---

* واتــە ئەوانـە نیـشانەی پـەروەردگارێتی و پەرسـتراوێتی و زانایـەتی و دانایـەتی و بـە بەزەیـەتی و گـەورەیی توانـا و دەسـەڵاتی خـوای بەدیهێنــەر و خـاوەن و بەڕێوەبـەری بوونەوەرە ، هەموو ئەمانەش ئەوە دەسـەلمێنن کـە تـەنها خـوا شایـستەی پەرسـتنە و دەبێت ئێمە یەکخواپەرست بین . وەرگێڕ

**پ ٤ / ئاینی تۆ کامەیە ؟ وە کامەیە بەڵگە ؟**

ئاینی من ئیسلامە ، کە بریتی‌یە لە : ملکەچبوون بۆ خوا بە یەکخواپەرستی ، وە بە پابەندبوون پێیەوە بە گوێڕایەڵی کردنی ، وە دوورەپەرێزی و دابڕان و دوورکەوتنەوە لە هاوبەشدانان (شیرك) و هاوبەش بڕیاردەران (موشریکەکان) ، وە بەڵگەش لەسەر ئەمە فەرمایشتی خوای بەرز و پایەدارە :

﴿ وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ ٱلْإِسْلَٰمِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِى ٱلْءَاخِرَةِ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٨٥﴾ ﴾ [آل عمران] واتە : **هەرکەسێك بەدوای هەر ئاینێکی تردا بگەڕێت جگە لە ئیسلام ئەوا لێی قەبوڵ ناکرێت و ئەو کەسەش لە ڕۆژی دوایدا لە دۆڕاو و زەرەرمەندانە .**

**پ ٥ / پلەکانی ئاین کامانەن ؟**

پلەکانی ئاین سیانن ، کە بریتین لە :

١ ـ ئیسلام .

٢ ـ ئیمان .

٣ ـ ئیحسان .

**پ ٦ / كێ پێغەمبەری تۆیە ؟ وە كامەیە بەڵگە ؟**

پێغەمبەری من (مُحَمَّد)ی كوڕی (عَبْدُ اللهِ)ی كوڕی (عَبْدُ الْمُطَّلِب)ی كوڕی (هاشم)ـە ، وە (هاشم)یش لە عەشیرەتی (قُرَیش)ـە ، وە (قُرَیش)یش لە نەتەوەی (عەرەب)ن ، وە (عەرەب)یش لە وەچە و نەوەی پێغەمبەر (إسماعیل)ی كوڕی پێغەمبەر (إبراهیم الخَلیل)ن باشترین دروود و سەلامی خوا لەسەر ئەو و پێغەمبەری خۆشمان بێت ، وە بەڵگەش لەسەر ئەمە فەرمایشتی خوای بەرز و پایەدارە : ﴿ مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَآ أَحَدٍ مِّن رِّجَالِكُمْ وَلَٰكِن رَّسُولَ ٱللَّهِ وَخَاتَمَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ ﴿٤٠﴾ ﴾ [الأحزاب] واتە : (مُحَمَّد ﷺ) باوكی هیچ یەكێك لە پیاوانی ئێوە نەبووە ، بەڵكو پێغەمبەری خوا و كۆتایی پێهێنەری هەموو هەواڵپێدراوانی (پێغەمبەرانی) خوایە .

❁ ❁ ❁

## بابەتی پایەکانی ئیسلام و واتای هەردوو شایەتیدانەکە

**پ ٧ / پایەکانی ئیسلام کامانەن ؟**

پایەکانی ئیسلام پێنجن ، کە بریتین لە :

١ ـ شایەتیدان بەوەی کە هیچ پەرستراوێك نىیە شایستەی پەرستن بێت جگە لە خوا و بەڕاستی (مُحمَّد ﷺ)یش پێغەمبەری خوایە .

٢ ـ ئەنجامدانی نوێژ .

٣ ـ زەکاتدان .

٤ ـ بەڕۆژووبوونی ڕەمەزان .

٥ ـ حەج کردنی ماڵی خوا بۆ کەسێك کە لە توانایدا هەبێت .

**پ ٨ / کامەیە واتای شایەتیدان بە (لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ) ؟ وە کامەیە بەڵگە ؟**

واتای شایەتیدان بە (لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ) بریتىیە لە : (لا مَعْبُودَ بِحَقٌّ إِلَّا اللَّه) ، واتە : هیچ پەرستراوێك نىیە شایستەی پەرستن بێت جگە لە خوا .

وە بەڵگەش لەسەر ئەمە فەرمایشتی خوای گەورەیە :

﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡحَقُّ وَأَنَّ مَا يَدۡعُونَ مِن دُونِهِۦ هُوَ ٱلۡبَٰطِلُ وَأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡعَلِيُّ ٱلۡكَبِيرُ ٦٢ ﴾ [الحج] .

واتە : ئەوە لەبەر ئەوەیە کە بەڕاستی تەنها خوا پەرستراوێتی حەق و ڕاستە ، وە بەڕاستی ئەو پەرستراوانەی کە هاوبەش ئەنجامدەرەکان دەیانپەرستن و لێیان دەپاڕێنەوە جگە لە خوا ئەوە پووچەڵە ، وە بەڕاستی تەنها خوا بەرز و گەورەیە .

**پ ٩ / پایەکانی شایەتیدان بە** (لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ) **کامانەن ؟ وە کامەیە بەڵگە ؟**

پایەکانی شایەتیدان بە (لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ) دووانن :

یەکەم : **ڕەتکردنەوە** (النَّفي) ، کە بریتی‌یە لە وتەی : (لَآ إِلَٰهَ) ، بە واتای : ڕەتکردنەوە و بە ناڕەوا زانینی پەرستنی هەموو ئەو کەس و شتانەی کە جگە لە خوا دەپەرسترێن .

دووەم : **سەلماندن** (الإِثْبَات) ، کە بریتی‌یە لە وتەی : (إِلَّا ٱللَّهُ) ، بە واتای : سەلماندن و جێگیرکردنی پەرستن بۆ خوا بە تەنها .

وە بەڵگەش لەسەر ئەمە فەرمایشتی خوای گەورەیە :

﴿فَمَن يَكۡفُرۡ بِٱلطَّٰغُوتِ وَيُؤۡمِنۢ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱسۡتَمۡسَكَ بِٱلۡعُرۡوَةِ ٱلۡوُثۡقَىٰ ٢٥٦﴾ [البقرة] .

واتە : **هەرکەسێك بێباوەڕ ببێت بە تاغوت (پەرستنی جگە لە خوا) و باوەڕ بێنێت بە خوا ئەوا بەدڵنیاییەوە دەستی گرتووە بە گرێ تووند و تۆڵەکەوە** (لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ) .

فەرمایشتی : ﴿فَمَن يَكۡفُرۡ بِٱلطَّٰغُوتِ﴾ : (**هەرکەسێك بێباوەڕ ببێت بە پەرستنی جگە لە خوا) ئەمە بەڵگەی ڕەتکردنەوەیە** (النَّفي) .

وە فەرمایشتی : ﴿وَيُؤۡمِنۢ بِٱللَّهِ﴾ : (**باوەڕ بێنێت بە خوا) ئەمەش بەڵگەی سەلماندنە** (الإِثْبَات) .

**پ ١٠ / مەرجەکانی شایەتیدان بە (لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ) کامانەن ؟**

مەرجەکانی شایەتیدان بە (لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ) **هەشتن** ، کە بریتین لە :

١ ـ زانین کە نەزانین ڕەتدەکاتەوە .

٢ ـ دڵنیابوون کە گومان ڕەتدەکاتەوە .

٣ ـ نیازپاکی کە شیرك و هاوبەشی ڕەتدەکاتەوە .

٤ ـ ڕاستگۆیی کە درۆ ڕەتدەکاتەوە .

٥ ـ خۆشەویستی کە ڕق لـێبوون ڕەتدەکاتەوە .

٦ ـ پابەندبوون کە وازلێهێنان ڕەتدەکاتەوە .

٧ ـ وەرگرتن کە ڕەتکردنەوە ڕەتدەکاتەوە .

٨ ـ بێباوەڕبوون بەوەی کە جگە لە خوا دەپەرسترێت .

وە هەموو ئەم مەرجانە لەم دوو بەیتەدا کۆکراونەتەوە :

عِلْمٌ يَقينٌ وإخلاصٌ وصِدقُكَ مَعَ
مـــحبَّةٍ وانقيادٍ والقبولِ لـــها

وَزِيدَ ثامنُها الكُفرانُ مِنْكَ بِـــمَا
سِوى الإلهِ من الأَوثانِ قَدْ أُلِّها

**پ ١١ / ئـــەوەی کـــە شـــایەتیدان بـــە (لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ) دەیخوازێت کامەیە ؟**

ئەوەی کە شـایەتیدان بـە (لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ) دەیخوازێـت دوو شت لە خۆی دەگرێت :

١ / باوەڕهێنـــان بـــە خـــوای گـــەورە بـــە بـــەدیهێنانی یەکخواپەرستی و پاك و پوختکردنەوەی عیبادەت و پەرستن بۆی ، (ئەمەش خواستراوی سەلماندنە (الإِثْبَات) .

٢ / بێباوەڕبوون بەوەی کە جگە لە خـوا دەپەرسـترێت و تەبەڕاکردن و دوورەپەرێزبوون و دوورکەوتنەوە لـە (شـیرك / هاوبەشـدانان) و (موشـریکەکان / هاوبـەش بڕیاردەرەکـان) ، (وە ئەمەش خواستراوی ڕەتکردنەوەیە (النَّفي) .

**پ ١٢ / کامەیە واتای شایەتیدان بەوەی کە (بەڕاستی مُـــحَمَّد ﷺ پێغەمبەری خوایە / أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ الله) ؟**

واتـای شـایەتیدان بـەوەی کـە (مُحَمَّـــد ﷺ) پێغەمبـەری خوایە بریتیـیە لە : دانپێدانان لە نـاخ و ڕواڵەتـدا بـەوەی کـە (مُحَمَّد ﷺ) عەبدی خوا و نێردراویەتی بۆ تێکڕای خەڵك ، وە بەڕاســتی ئــەو دوایــین و کۆتاپێهێنــەری هەواڵپێــدراوان و نێردراوەکانە (خَاتَمُ الأنبياء والـــمرسلين) .

**پ ١٣ / ئـەوەی کـە شـایەتیدان بـەوەی کـە (بەڕاسـتی مُـــحَمَّد ﷺ پێغەمبەری خوایە) دەیخوازێت کامەیە ؟**

ئەوەی کە شـایەتیدان بـەوەی کـە (بەڕاسـتی مُحَمَّـــد ﷺ پێغەمبەری خوایە) دەیخوازێت بریتی‌یە لە :

- گوێڕایەڵی کردنی لەوەی کە فەرمانی پێ‌کردووە .
- وە بەڕاستخستنەوەی لەوەی کە هەواڵی پێداوە .
- وە دوور کەوتنــەوە لــەوەی کــە قەدەغــەی کـردووە و ڕێگری لـێ‌کردووە .
- وە خوا نەپەرسترێت تەنها بەو شەریعەتە نەبێت کە ئـەو هێناوێتی .

۞ ۞ ۞

## بابەتی پایەکانی ئیمان و بەروبوومەکانی

**پ ١٤ / پایەکانی ئیمان کامانەن ؟**

پایەکانی ئیمان شەشن ، کە بریتین لە :

١ / باوەڕبوون بە خوای گەورە .

٢ / باوەڕبوون بە فریشتەکانی .

٣ / باوەڕبوون بە کتێبەکانی .

٤ / باوەڕبوون بە پێغەمبەرەکانی .

٥ / باوەڕبوون بە ڕۆژی دوایی .

٦ / باوەڕبوون بە قەدەر خێر و شەڕی کە لە لایەن خواوەوەیە .

**پ ١٥ / کامەیە واتای باوەڕبوون بە خوای گەورە ؟**

باوەڕبوون بە خوای گەورە واتاکەی بریتی‌یە لە : بەڕاستخستنەوەیەکی یەکلا و بێگومان بە هەبوونی خوای گەورە و دانپێدانان بە پەروەردگارێتی و پەرستراوێتی و ناو و سیفەتەکانی خوا .

**پ ١٦ / بەروبوومـەکانی بـاوەڕبوون بـە خـوای گـەورە کامانەن ؟**

بەروبـوومـەکـانــی باوەڕبــوون بـە خـوای گـەورە زۆرن ، لەوانە :

**یەکــەم** : بــەدیهێنانی یەکتاپەرســتی خــوای گــەورە ، بەوەی کە عیبادەت و پەرستن بۆ خـوا بێـت بـە تـەنها و بـێ شەریك .

**دووەم** : کـــاملّێتی خۆشەویـــستی خــــوای گــــەورە و بەگـــەورەدانانی و لـــێترسانی بـــە پـــێی داخـــوازی نـــاوە جوانەکانی و سیفاتە بەرزەکانی .

**سێیەم** : بەدیهێنانی داخوازی پەرستنی خوای گەورە بـە جێبـەجێ کردنـی ئـەوەی کـە فـەرمانی پـێکردووە ، وە بـە دوور کەوتنەوە لەوەش کە قەدەغەی کردووە .

**پ ١٧ / کامەیە واتای باوەڕبوون بە فریشتەکان ؟**

باوەڕبوون بە فریشتەکان بریتی‌یە لە : بەڕاستخستنەوەیەکی یەکلا و بێگومان بە هەبوونیان ، وە ئەوان بەڕاستی عەبدی رێزلێگیراون ، سەرپێچی خوا ناکەن لەوەی کە فەرمانیان پێدەکات و ئەوەش جێبەجێدەکەن کە فەرمانیان پێکراوە ئەنجامی بدەن .

وە باوەڕیشمان هەیە بەوانەیان کە خوا ناوی هێناون لێیان وەکو : (جِبْرِيل) و (مِيكَائِيل) و (إِسْرَافِيل) ، وە بەوانەشیان کە ناوی نەهێناون .

**پ ١٨ / بەروبوومەکانی باوەڕبوون بە فریشتەکان کامانەن ؟**

بەروبوومەکانی باوەڕبوون بە فریشتەکان زۆرن ، لەوانە :

**یەکەم** : زانینی گەورەیی و توانا و دەسەڵاتی خوای پایەبەرز ، چونکە بەڕاستی گەورەیی دروستکراو (المخلوق) بەڵگەیە لەسەر گەورەیی دروستکار (الخالق) .

**دووەم** : خۆشویستنی خوای پایەبەرز و سوپاس کردنی لەسەر بایەخدانی بە ئادەمیزاد ، چونکە هەندێك لەو

فریشتانەی ڕاسپاردووە کە هەستن بە پاراستنیان .

**سێیەم** : هانـــدان بـــۆ چـــاکەکردن و ترســـاندن لـــە خراپەکردن ، چونکە خوای گـەورە هەنـدێك لـەو فریـشتانەی ڕاســپاردووە کــە هەســتن بــە تۆمــارکردن و نووســینەوەی کردەوەکــانی ئادەمیزاد لە خێر و چاکە یان شەڕ و خراپە .

**پ ١٩ / کامەیە واتای باوەڕبوون بە کتێبەکان ؟**

باوەڕبوون بە کتێبەکان بریتی‌یە لە : بەڕاستخستنەوەیەکی یەکلا و بێگومان بەو کتێبانەی کە خوای گەورە دایبەزاندوون بـۆ سـەر پێغەمبـەرانی ، وە ئـەو کتێبانـە وتـەی خـوان ، وە حەق و ڕووناکین ، وە باوەڕیشمان هەیـە بەوانـەیان کـە خـوا ناویهێناوون لێیان وەکو : (القُرْآن) و (التَّوْرَاة) و (الإِنْـــجِيل) و (الزَّبُور) ، وە بەوانەشیان کە ناوی نەهێناوون .

**پ ٢٠ / بەروبوومـــەکانی بـــاوەڕبوون بـــە کتێبـــەکان کامانەن ؟**

بەروبوومەکانی باوەڕبوون بە کتێبەکان زۆرن ، لەوانە :

**یەکەم** : زانـینی بایەخـدانی خـوای بـەرز و پایـەدار بە

عەبدەکانی ، چونکە بۆ هەموو گـەلێك کتێبێکـی دابەزانـدووە بۆ ئەوەی ڕێنماییان بکات پێی .

**دووەم** : زانینی دانایەتی خوای بەرز و پایەدار لە شـەرع و بەرنامەکەیدا ، چونکە بۆ هەموو گەلێك شەرع و بەرنامەیەکی دارشتووە کە گونجاو بێت لەگەڵ بار و حاڵیانـدا ، هـەروەکو چـۆن خـوای گـەورە فەرموویـەتی : ﴿لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا ۚ (٤٨)﴾ [المائـــدة] واتـه : بـۆ هـەر گـەلێك لـە ئێـوە شەریعەت و ڕێبازێکمان داناوە .

**سێیەم** : سوپاس کردنـی نیعمەتـەکانی خـوا بـەوەی کـە ڕوونی کردووەتەوە لە عیبادەت کردن .

**چوارەم** : عیبادەت کردنـی خـوای بـەرز و پایـەدار لەسـەر بەرچاوڕوونی بەو کتێبـەی کـە دابـەزێنراوە و بەچـاولێکردنی ئەو هەواڵپێدراوەی کە نێردراوە .

## پ ٢١ / کامەیە واتای باوەڕبوون بە پێغەمبەران ؟

باوەڕبوون بە پێغەمبەران بریتی‌یە لە : بەڕاستخستنەوەیەکی یـەکلا و بێگومـان بـە پەیامـەکانی هـەموو پێغەمبـەران و بەڕاستدانانی هەواڵەکانیان ، وە باوەڕیشمان هەیە بەوانـەیان

كه خوا ناوی هێنـاون لێیـان وەكـو : (نُـــوح) و (إِبْــرَاهِيم) و (مُوسَى) و (عِيـــسَى) و (مُحَمَّــــد) (عَلَــيهم الــصَّلَاةُ والــسَّلَام) ، وه بەوانەشیان كه ناوی نەهێناون .

## پ ٢٢ / بەروبوومــەكانی بـاوەڕبوون بــە پێغەمبــەران كامانەن ؟

بەروبوومەكانی باوەڕبوون بە پێغەمبەران زۆرن ، لەوانە :

**یەكەم** : زانینی بەزەیی خـوای گـەورە و بایەخـدانی بـە عەبـدەكانی ، چـونكە پێغەمبـەرانی بـۆ نـاردوون بـۆ ئـەوەی ڕێنماییان بكەن بۆ ڕێگای ڕاست و ئاینی ڕێكوپێك .

**دووەم** : عیبادەت كردنـی خـوای بـەرز و پایـەدار لەسـەر بەرچاوڕوونی بەو كتێبـەی كـە دابـەزێنراوە و بەچـاولێكردنی ئەو هەواڵپێدراوەی كە نێردراوە .

**سێیەم** : خۆشویستنی پێغەمبـەران (عَلَيهم الــصَّلَاةُ والــسَّلَام) و بەگــەورەزانینیان و ســتایش كردنیــان بــەوەی كــە شــایەنە پێیان .

**چوارەم** : ســوپاس كردنــی خــوای پایەبــەرز لەســەر ئــەم نیعمەتـە گەورەیە .

**پ ٢٣ / کامەیە واتای باوەڕبوون بە ڕۆژی دوایی ؟**

باوەڕبوون بە ڕۆژی دوایی بریتی‌یە لە : بەڕاستخستنەوەیەکی یەکلا و بێگومان بە ڕۆژی هەستانەوە کە خەڵکی تێیدا زیندوو دەبێتەوە بۆ لێپرسینەوە و پاداشت وەرگرتنەوە .

**پ ٢٤ / بەروبوومەکانی باوەڕبوون بە ڕۆژی دوایی کامانەن ؟**

بەروبوومەکانی باوەڕبوون بە ڕۆژی دوایی بریتین لە :

**یەکەم** : حەزکردن لە ئەنجامدانی چاکە و سووربوون لەسەری بە ئومێدی پاداشتی ئەو ڕۆژە .

**دووەم** : ترسان لە ئەنجامدانی خراپە و ڕازی بوون پێی لە ترسی سزای ئەو ڕۆژە .

**سێیەم** : دڵنەوایی کردنی باوەڕدار سەبارەت بەوەی کە لە دەستی دەچێت لە نیعمەتەکانی دونیای لەناوچوو بەوەی کە ئومێدی پێی هەیە لە خۆشگوزەرانی و نیعمەتەکانی دواڕۆژی هەمیشەیی .

**پ ٢٥ / کامەیـە واتـای بـاوەڕبوون بـە قـەدەر خێـری و شەڕی ؟**

باوەڕبوون بە قەدەر بریتی‌یـە لـە : بەڕاستخستنەوەیەکی یـەکلا و بێگومـان بـە زانـستی خـوای بـەرز و پایـەدار بـە شتەکان پێش ڕوودانیان و نووسینەوەی ئەوەش لە (اللـــوح الـــمحفوظ) و ویستی خوا لەسەر ڕوودانیـان و دروسـتکردنی بۆیان .

**پ ٢٦ / بەروبوومـەکانی باوەڕبوون بـە قـەدەر خێـری و شەڕی کامانەن ؟**

بەروبوومەکانی باوەڕبوون بە قەدەر زۆرن ، لەوانە :

**یەکەم** : ڕاستێتی پشت بەستن بە خوای گەورە لە کاتی ئەنجامـدانی هۆکارەکـان ، چـونکە خـوا خـۆی بەدیهێنـەری هۆکارەکانە و هەموو شتێك بە قەدەری خوای پـاك وبێگـەرد دەبێت .

**دووەم** : ئارامی و ئیسراحەتی دەروونی و ڕازیبوون بەوەی کە دێت بەسەر عەبدا لە قەدەرەکانی خـوای گـەورە ، بۆیـە تووڕە و شپـرز نابێت بە لەدەسـتـچوونـی خۆشویسـتراوێك

یان بە ڕوودانی نەخواستراوێك .

**سێیەم** : ئازایەتی و دامەزران لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی تەنگانە و کێشەکان ، وە پێشوازی کردن لە ناڕەحەتییەکانی ژیان بە دڵێکی دامەزراو و دڵنیاییەکی ڕاستگۆیانەوە .

**چوارەم** : مرۆڤ بە خۆیەوە سەرسام نابێت لە کاتی بەدیهاتنی مەبەستەکەی ، چونکە بەدیهاتنی مەبەستەکەی بە قەدەری خوای گەورە و یارمەتیدان و فەزڵ و چاکەی ئەوەوە بووە .

❁ ❁ ❁

## بابەتی ئیحسان و بەروبوومەکانی

**پ ٢٧ / کامەیە واتای ئیحسان و چاکەکاری ؟**

ئیحسان : ئەوەیە کە تۆ خوا بپەرستیت وەکو ئەوەی کە بیبینیت ، وە ئەگەر تۆ خوا نەبینیت ئەوا ئەو تۆ دەبینێت .

**پ ٢٨ / پلەکانی ئیحسان و چاکەکاری کامانەن ؟**

پلەکانی ئیحسان و چاکەکاری دوانن ، کە بریتین لە :

**پلەی یەکەم : پلەی بینینی دڵە** (مَرتبةُ الـــمُشاهدة القلبية) ، ئـەویش ئەوەیـە کـە عەبـد پـەروەردگاری بپەرسـتێت وەکـو ئـەوەی کـە دەیبینێـت ، وە ئەمەشـیان بـەرزترینی هـەردوو پلەکەیە .

**پلەی دووەم : پلەی چاودێری کردنە** (مَرتبةُ الـــــمُراقبة) ، ئەویش ئەوەیـە کـە عەبـد بزانێـت بەڕاسـتی خـوا دەیبینێـت لەهــەر شوێنێــك بێــت یــان لەهــەر کردەوەیەکـدا بێـت کـە ئەنجامی دەدات .

**پ ٢٩ / بەروبوومەكـــانی ئیحـــسان و چـــاكەكاری كامانەن ؟**

**یەكەم** : ترسان لە خوای بـەرز و پایـەدار لـە پـەنهانی و پێشچاویشدا و بە نهێنی و ئاشكرایشدا .

**دووەم** : نیازپـاكی و نییـەت پـاكی لـە پەرسـتن و عیبـادەت كردن بۆ خوای بـەرز و پایـەدار و بەخشینی هەوڵ و توانا لـە جوان كردنی عیبادەت و تەواو و كامڵ كردنی .

**سێیەم** : لەگەڵدا بوونی تایبەتی خوا بۆ چاكەكاران .

**چوارەم** : بردنـەوەی بەهەشـت و بینینـی خـوای بـــەرز و پایـەدار .

# بابەتی یەکخوا پەرستی و چاکەکانی

**پ ٣٠ / کامەیە واتای یەکخواپەرستی و بەشەکانی کامانەن ؟**

یەکخواپەرستی بریتی‌یە لە : یەکتاکردنەوەی خوای بەرز و پایەدار بەوەی کە تایبەتە بەوەوە ، وە بەشەکانیشی سیانن ، کە بریتین لە :

١ ـ یەکتاکردنەوەی خوا لە پەروەردگارێتیدا (توحيد الربوبية) .

٢ ـ یەکتاکردنەوەی خوا لە پەرستراوێتیدا (توحيد الألوهية) .

٣ ـ یەکتاکردنەوەی خوا لە ناو و سیفەتەکاندا (توحيد الأسماء والصفات) .

**پ ٣١ / کامەیە واتای یەکتاکردنەوەی خوا لە پەروەردگارێتیدا** (توحيد الربوبية) ؟

یەکتاکردنەوەی خوا لە پەروەردگارێتیدا بریتی‌یە لە : یەکتاکردنەوەی خوای بەرز و پایەدار بە کردارەکانی ، وە وتراویشە بریتی‌یە لە : یەکتاکردنەوەی خوای بەرز و پایەدار بە دروستکردن و خاوەندارێتی و بەڕێوەبردن .

**پ ٣٢ / ئایا یەکتاکردنەوەی خوا لە پەروەردگارێتیدا بەسە بۆ ڕۆیشتنە ناو ئیسلام ؟**

نەخێر یەکتاکردنەوەی خوا لە پەروەردگارێتیدا بەس نییە بۆ ڕۆیشتنە ناو ئیسلام ، چونکە موشریکەکان لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) دانیاندەنا بە پەروەردگارێتی خوا و ئەوەش سوودی پێنەگەیاندن ، وە بەڵگەش لەسەر ئەمە فەرمایشتی خوای گەورەیە : ﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَهُمْ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ ۖ فَأَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ ﴿٨٧﴾﴾ [الزخرف] .

واتە : ئەگەر پرسیار بکەیت لە موشریکەکان ئایا کێ ئێوەی دروستکردووە ؟ بەدڵنیایی دەڵێن : خوا ، ئەی کەوایە باشە بۆ جگە لە خوا دەپەرستن و بە ناحەق شەریکی بۆ بڕیار دەدەن ؟!

**پ ٣٣ / کامەیە واتای یەکتاکردنەوەی خوا لە پەرستراوێتیدا** (توحيد الألوهية) ؟

یەکتاکردنەوەی خوا لە پەرستراوێتیدا بریتییە لە : یەکتاکردنەوەی خوا بە کرداری عەبدەکان .

وە وتراویشە بریتییە لە : یەکتاکردنەوەی خوا بە پەرستن و

عیبادەت ، ئەمەش بریتی‌یە لە واتای (لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ) .

**پ ٣٤ / کامەیە گرنگی و بایەخی یەکتاکردنەوەی خوا لە پەرستراوێتیدا ؟**

١ ـ یەکتاکردنەوەی خوا لە پەرستراوێتیدا ئامانجی دروستکردنی مرۆڤ و جنۆکەکانە .

٢ ـ یەکتاکردنەوەی خوا لە پەرستراوێتیدا مەبەستی بانگەوازی هەواڵپێدراوان و پێغەمبەرانە .

٣ ـ یەکتاکردنەوەی خوا لە پەرستراوێتیدا حەق و مافی خوایە بەسەر عەبدەکانیەوە .

٤ ـ یەکتاکردنەوەی خوا لە پەرستراوێتیدا بنچینە و بنەمای کردەوەکانە .

**پ ٣٥ / کامەیە واتای یەکتاکردنەوەی خوا لە ناو و سیفەتەکاندا** (توحيد الأسماء والصفات) ؟

یەکتاکردنەوەی خوا لە ناو و سیفەتەکاندا بریتی‌یە لە : یەکتاکردنەوەی خوای بەرز و پایەدار بەوەی کە پێویستە بۆی لە ناوەکان و سیفەتەکان بە بێ (تحريف) و (تعطيل) و

(تكييف) و (تـــمثيل)[١].

---

[١] بۆ تێگەیشتـن لەم زاراوانــە پێویستە پێناســەیان بكـەین، بۆیـە بـە كـورتی دەڵێم :

ـ (**التحريـف** : هو صَرفُ اللفظ عن معناهُ الظاهر الصحيح إلى معنًى آخر بغـــير دليل) .

واتە : (**تحريف :** ) بريتىیە لـە : گـۆڕینی واتـای وشـەكان لـە مانـا ڕواڵەتـە ڕاستەكانیان بۆ واتایەكی تر بە بێ بەڵگە .

ـ (**التعطيل** : هو عدم إثبات الصفات ، أو إثبات بعضها ونَفي الباقـــي) .

(**تعطيل**) بريتىیە لە : نـە سـەلماندنی سیفاتەكانی خـوا ، یـان سـەلماندنی هەندێكیان و نە سەلماندنی باقیىەكەی .

ـ (**التكييف** : هو حكاية كيفية أو صورة ذات الله وصفاته) .

واتە : (**تكییف**) بريتىیە لە : گێڕانەوەی چۆنێتی یان شێوەی خوودی خوا و صیفاتەكانی .

ـ (**التمثيل** : هو إثبات الـــمثل للشيء ، مُشتبهاً لـــهُ من كُلِّ الوجوه) .

واتە : (**تـمثیل**) بريتىیە لە : سەلماندنی نموونە بـۆ شـتێك ، كـە لـە هـەموو ڕوویەكەوە وەك یەك بن .

هەروەها (ئەهلی سوننە و جەماعە) نـاو و سـیفاتەكانی خـوا پـاك و بـە دوور ڕادەگرن لە (**تفویض**)یش ، كە ئەمە پێناسەكەیەتی :

ـ (**التفويض** : هو إثبات مُجرد اللفظ ، وتفويض العلم بِمعناه إلـــى الله وحده) .

واتـە : (**تفـویض**) بريتـىیـە لـە : سـەلماندنی خـوودی وشـەكان بـە تـەنها و گێڕانەوەی زانینی واتاكانیان بۆ لای خوا بە تەنها .          وەرگێڕ

**پ ٣٦ / کامەیە ڕێڕەو و ڕێبازی ئەهلی سوننە و جەماعە سەبارەت بە یەکتاکردنەوەی خوا لە ناو و سیفەتەکاندا ؟**

ڕێڕەو و ڕێبازی ئەهلی سوننە و جەماعە سەبارەت بە یەکتاکردنەوەی خوا لە ناو و سیفەتەکاندا بریتییە لە : سەلماندنی ئەوەی کە خوا بۆ خۆیی سەلماندووە لە ناو و سیفەتەکان ، سەلماندنێك بە بێ وێکچواندن و نموونەبۆدانان ، وە ڕەتکردنەوەی ئەوەش کە خوا لە خۆیی ڕەتیکردووەتەوە و پاك و بەدوورڕاگرتنیشی لەوە ، پاك و بەدووڕاگرتنێك بە بێ پەکخستن و نەسەلماندن ، وە بەڵگەش لەسەر ئەمە فەرمایشتی خوای گەورەیە : ﴿لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ ١١﴾ [الشورى] واتە : **هیچ شتێك وەکو خوا نییە و خوایش بیسەر و بینەرە .**

فەرمایشتی : ﴿لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ﴾ (**هیچ شتێك وەکو خوا نییە**) ئەمە ڕەتکردنەوەیە بۆ وێکچواندان و نموونەبۆدانان (رَدٌّ للتشبيه والتمثيل) .

وە فەرمایشتی : ﴿وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ﴾ (وە خوا بیسەر و بینەرە) ئەمەش رەتکردنەوەیە بۆ پەکخستن و نەسەلماندن (رَدٌّ للتعطيل) .

**پ ٣٧ / کامەیە گرنگی و بایەخی یەکتاکردنەوەی خوا لە ناو و سیفەتەکاندا ؟**

١ ـ زیادبوونی ئیمان بە خوای بەرز و پایەدار .

٢ ـ هەبوونی زانیاری بە ناوەکان و سیفەتەکانی خوا رێگایە بۆ ناسینی خوای بەرز و پایەدار .

٣ ـ بەهێزبوونی کردەوەکانی دڵ لە خۆشویستنی خوای بەرز و پایەدار و لێترسانی و ئومێدپێبوونی .

٤ ـ خۆپاراستن لە وێکچواندان و نموونەبۆدانان یان پەکخستن و نەسەلماندن لە ناوەکانی خوا و سیفەتەکانی ، هەروەکو چۆن ئەمە رویداوە لە (جەهمییەکان) یان (موعتەزیلەکان) یان (ئەشعەریەکان) .

**پ ٣٨ / فەزڵ و چاكەكانی یەكخواپەرستی كامانەن ؟**

فەزڵ و چاكەكانی یەكخواپەرستی زۆرن ، وە لەوانە :

١ ـ پاراستنی خوێن و ماڵ .

٢ ـ كرانەوەی دەرگای تەنگانە و ناڕەحەتییەكانی دونیا و دوارۆژدا .

٣ ـ سەركەوتن بەسەر دوژمن و جێگیربوون لەسەر زەوی .

٤ ـ ئارامی تێروتەواو لە دونیا و دوارۆژدا .

٥ ـ ژیانێكی خۆشگوزەران لە دونیا و پاداشتێكی گەورەیش لە دوارۆژدا .

٦ ـ سڕینەوەی تاوان و خراپەكان .

٧ ـ ڕزگاربوون لە ئاگری دۆزەخ .

٨ ـ ڕۆیشتنە ناو بەهەشت .

## بابەتی هەڵگەڕانەوە

**پ ٣٩ / کامەیە واتای هەڵگەڕانەوە ؟ وە کامەیە بەڵگە ؟**

هەڵگەڕانەوە بریتییە لە : کوفرکردن لە پاش موسڵمانبوون ، وە بەڵگەش لەسەر ئەمە فەرمایشتی خوای گەورەیە : ﴿وَمَن يَرْتَدِدْ مِنكُمْ عَن دِينِهِۦ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ فَأُوْلَـٰٓئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَـٰلُهُمْ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْـَٔاخِرَةِ ۖ وَأُوْلَـٰٓئِكَ أَصْحَـٰبُ ٱلنَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا خَـٰلِدُونَ ﴿٢١٧﴾﴾ [البقرة] .

واتە : وە هەرکەسێك لە ئێوە لە دینەکەی هەڵگەڕێتەوە و بە کافری بمرێت ئا ئەوانە کردەوەکانیان هەڵوەشاوەتەوە لە دونیا و دواڕۆژدا ، وە ئەوانە هاوەڵ و خاوەنی دۆزەخن و بە هەمیشەیی تێدا دەمێننەوە .

**پ ٤٠ / بەشەکانی هەڵگەڕانەوە کامانەن ؟**

هەڵگەڕانەوە پێنج بەشە ، کە بریتین لە :

١ ـ هەڵگەڕانەوە بە وتە .

٢ ـ هەڵگەڕانەوە بە کردار .

٣ ـ هەڵگەڕانەوە بە بیروباوەڕ .

٤ ـ هەڵگەڕانەوە بە شك و گومان .

٥ ـ هەڵگەڕانەوە بە وازلێهێنان .

**پ ٤١ / نموونەکانی هەڵگەڕانەوە بە وتە کامانەن ؟**

**هەڵگەڕانەوە بە وتە بە چەند شتێك دەبێت لەوانە :**

١ ـ جوێنـدان بـە خـوای بـەرز و پایـەدار یـان بـە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) .

٢ ـ گاڵتـەکردن بـە قورئـانی پـیرۆز یـان بـە فـەرموودەی صەحیح یان بە دروشمە دیارەکانی ئاین .

٣ ـ بانگەشەکردنی زانستی غەیب .

٤ ـ بانگەشەکردنی پێغەمبەرایەتی .

٥ ـ پاڕانەوە و داواکردن لە جگە لە خوا لـەو شـتانەی کـە هیچ کەسێك توانای بەسەردا نی‌یە جگە لە خوا .

**پ ٤٢ / نموونەکانی هەڵگەڕانەوە بە کردار کامانەن ؟**

**هەڵگەڕانەوە بە کردار بە چەند شتێك دەبێت لەوانە :**

١ ـ سوجدەبردن بۆ جگە لـە خـوا وەکـو سـوجدەبردن بـۆ بت یان بۆ قەبر و گۆڕەکان .

٢ ـ سەربڕینی ئاژەڵ بۆ جنۆکە بە مەبەستی ئومێد پێبوونیان یان ترسان لێیان ، یان سەربڕین بۆ مردووەکان بە مەبەستی نزیکبوونەوە لێیان .

٣ ـ فڕێدانی قورئانی پیرۆز بۆناو شوێنە پیسەکان .

٤ ـ کردنی سیحر و جادوو و فێربوونی و فێرکردنی .

**پ ٤٣ / نموونەکانی هەڵگەڕانەوە بە بیروباوەڕ کامانەن ؟**

**هەڵگەڕانەوە بە بیروباوەڕ بە چەند شتێك دەبێت لەوانە :**

١ ـ باوەڕبوون بەوەی کە خوای بەرز و پایەدار شەریك و هاوەبەشی هەیە .

٢ ـ باوەڕبوون بە نەبوونی زیندووبوونەوە لە پاش مردن یان بە نەبوونی بەهەشت و دۆزەخ .

٣ ـ بەحەڵاڵ زانین و حەڵاڵکردنی ئەوەی کە خوا حەرامی کردووە وەکو بەحەڵاڵ زانین و حەڵاڵکردنی زینا و داوێن پیسی یان عەرەق و خواردنەوە مەستکەرەکان یان بەحەڵاڵ زانینی حوکم و فەرمانڕەوایی کردن بە جگە لەوەی خوا دایبەزاندووە .

٤ ـ نكۆڵی و ئینكاریكردنی پایەكان و فەرزەكانی ئاین وەكو نكۆڵی كردنی نوێژ یان زەكات یان ڕۆژووی رەمەزان یان حەج .

**پ ٤٤ / نموونەكانی هەڵگەڕانەوە بە شك و گومان كامانەن ؟**

هەڵگەڕانەوە بە شك و گومان بە چەند شتێك دەبێت ، لەوانە :

١ ـ بە شك و گومان بوون لە زیندووبوونەوە لە پاش مردن یان لە هەبوونی بەهەشت و دۆزەخ .

٢ ـ بە شك و گومان بوون لە ئاینی ئیسلام یان لە شیاوێتی ئەم ئاینە بۆ ئەم سەردەمە .

٣ ـ بە شك و گومان بوون لە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر (ﷺ) یان لە ڕاستگۆیی بوونی .

٤ ـ بە شك و گومان بوون لە قورئانی پیرۆز و لەوەی كە قورئان وتە و كەلامی خوای بەرز و پایەدارە .

**پ ٤٥ / نموونـــەكانی هەڵگەڕانـــەوە بـــە وازلێهێنـــان كامانەن ؟**

**هەڵگەڕانەوە بە وازلێهێنان : بە وازهێنان لە نوێـژ دەبێـت بە ئەنقەست ، لەبەر فەرمایشتی پێغەمبەر (ﷺ) :** ((إِنَّ بَــيْنَ الرَّجُلِ وَبَيْنَ الشِّرْكِ وَالْكُفْرِ تَرْكُ الصَّلَاةِ))[1].

**واتە : بەڕاستی لە نێـوان پیاوێـك و نێـوان شـیرك و كـوفر وازهێنانە لە نوێژ .**

❁ ❁ ❁

---

[1] رواه مسلم : (٨٢) .

## بابەتی شیرك لە عیبادەت و پەرستندا

**پ ٤٦ / کامەیە واتای شیرك ، وە بەشەکانی کامانەن ؟**

شیرك بریتی‌یە لە : دانانی شەریك و هاوبەشێك لەگەڵ خوای بەرز و پایەدار لە عیبادەت و پەرستندا ، وە شیرك دوو بەشە :

١ ـ شیرکی گەورە .            ٢ ـ شیرکی بچووك .

**پ ٤٧ / شیرکی گەورە کامەیە ؟**

شیرکی گەورە بریتی‌یە لە : ئەنجامدانی شتێك لە جۆرەکانی عیبادەت و پەرستن بۆ جگە لە خوا .

**پ ٤٨ / چەند نموونەیەك لەسەر شیرکی گەورە باسبکە ؟**

شیرکی گەورە نموونەکانی زۆرن ، لەوانە :

دوعا و پاڕانەوە لە جگە لە خوا ، یان خۆنزیك کردنەوە بە سەربڕینی سەربڕاوەکان و شت لەسەرخۆپێویست کراوەکان (الذَّبائِح والنُّذور) بۆ جگە لە خوا لە قەبر و گۆڕەکان و جنۆکە و شەیتانەکان ، یان ئومێدهەبوون بە جگە لە خوا لەو شتانەی کە هیچ کەسێك توانای بەسەردا نی‌یە جگە لە خوا لە بەجێهێنانی پێداویستییەکان و لەسەرلابردنی تەنگانە و ناهەموارییەکان .

**پ ٤٩ / شوێنەوار و خراپەکانی شیرکی گەورە کامانەن ؟**

شیرکی گەورە گەورەترینی تاوانەکانە و خراپەکانیشی زۆرن ، لەوانە : واتە

١ / شیرکی گەورە خاوەنەکەی لە ئیسلام دەباتە دەرەوە .

٢ / شیرکی گەورە هەموو کردەوەکان هەڵدەوەشێنێتەوە .

٣ / شیرکی گەورە خوای بەرز و پایەدار لێی خۆش نابێت بۆ ئەو کەسەی کە لەسەری دەمرێت .

٤ / شیرکی گەورە ڕێگرە لە ڕۆیشتنە ناو بەهەشت و خاوەنەکەشی بە هەتاهەتایی لە ناو ئاگردا دەهێڵێتەوە ئەگەر لەسەری بمرێت .

**پ ٥٠ / هۆکارەکانی کەوتنە ناو شیرکی گەورە کامانەن ؟**

هۆکارەکانی کەوتنە ناو شیرکی گەورە زۆرن ، لە گرنگترینیان :

١ / زیادەڕەوی کردن لە پیاوچاکان .

٢ / نەبوونی شارەزایی سەبارەت بە تەوحید و یەکخواپەرستی و واتای (لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ) .

٣ / شوێنکەوتنی هەواوئارەزوو .

٤ / لاسایی کردنەوەی کوێرانە .

**پ ٥١ / شیرکی بچووك کامەیە ؟**

شیرکی بچووك بریتی‌یە لە : **هەموو ئەو شتانەی کە شەرع ڕێگری لـێ‌کردوون لەوانـەی کـە سەردەکێـشن بـۆ شـیرکی گەورە و وەسیلە و ڕێگان بۆ تێوەگلان و کەوتنـە نـاوی و لـە دەقەکانیشدا ناویان بە شیرك هاتووە .**

**پ ٥٢ / جۆرەکانی شیرکی بچووك باسبکە ؟**

شیرکی بچووك دوو بەشە :

**بەشی یەکەم : شیرکی دیار و ئاشکرا** ، ئەمـەش دوو جۆرە :

١ ـ شیرك ئەنجامـدان بـە وتـە ، وەکـو سـوێندخواردن بـە جگە لە خوا و وتەی : (مَا شَاءَ اللّٰهُ وَشِئْتَ / ئەگـەر خـوا و تـۆ ویستان لـێ بێت) .

٢ ـ شیرك ئەنجامدان بە کردار ، وەکو لەدەست و مل کردنی ئەڵقە و دەزوو بە مەبەستی لابردنی بەڵا یان بۆ پاڵپێوەنانی ، وە هەڵواسینی چاوەزار لە ترسی چاو و جگە لەوەش .

**بەشی دووەم : شیرکی نادیار و شاراوە** ، کە بریتی‌یە لە : ریـــا و پێشچاوی کردن بە عیبادەت و پەرستن .

**پ ٥٣ / کامەیە جیاوازی نێوان شیرکی گەورە و شیرکی بچووك ؟**

جیاوازی نێوان شیرکی گەورە و شیرکی بچووك لەم شتانەدایە :

١ / شیرکی گەورە خاوەنەکەی لە ئیسلام دەباتە دەرەوە ، وە شیرکی بچووك خاوەنەکەی لە ئیسلام ناباتە دەرەوە بەڵام تەوحید و یەکخواپەرستی کەم دەکاتەوە .

٢ / شیرکی گەورە بنج و بنەوای یەکخواپەرستی رەت دەکاتەوە ، وە شیرکی بچووك تەواوی یەکخواپەرستی پێویست رەت دەکاتەوە .

٣ / شیرکی گەورە هەموو کردەوەکان هەڵدەوەشێنێتەوە ، وە شیرکی بچووك هەموو کردەوەکان هەڵناوەشێنێتەوە بەڵکو ریا و پێشچاوی کردن تەنها ئەو کردەوەیە هەڵدەوەشێنێتەوە کە هاوشان و تێکەڵی بووە .

٤ / شیرکی گەورە خاوەنەکەی بە هەتاهەتایی لە ناو ئاگردا دەهێڵێتەوە ، وە شیرکی بچووك خاوەنەکەی بە هەتاهەتایی لە ناو ئاگردا ناهێڵێتەوە ئەگەر بڕواتە ناوی .

## بابەتی دووڕوویی

### پ ٥٤ / کامەیە واتای دووڕوویی ، وە بەشەکانی کامانەن ؟

دووڕوویی بریتی‌یە لە : دەربڕینی خێر و چاکە و شاردنەوەی شەڕ و خراپە ، وە دووڕوویی دوو بەشە :

١ ـ دووڕوویی بیروباوەڕی ، وە ناویش دەبرێت بە دووڕوویی گەورە .

٢ ـ دووڕوویی کرداری ، وە ناویش دەبرێت بە دووڕوویی بچووك .

### پ ٥٥ / دووڕوویی بیروباوەڕی کامەیە ؟

دووڕوویی بیروباوەڕی بریتی‌یە لە : دەرخستنی ئیسلام و ژێرخستنی (شاردنەوەی) کوفر و بێباوەڕی .

### پ ٥٦ / جۆرەکانی دووڕوویی بیروباوەڕی کامانەن ؟

دووڕوویی بیروباوەڕی شەش جۆرە ، کە بریتین لە :

١ ـ بە درۆدانانی پێغەمبەر (ﷺ) .

٢ ـ بە درۆدانانی هەندێك لەوەی کە پێغەمبەر (ﷺ) هێناویەتی .

٣ ـ ڕقلێبوون له پێغەمبەر (ﷺ) .

٤ ـ ڕقلێبـوون لـه هەنـدێك لـەوەی كـه پێغەمبـەر (ﷺ) هێناویەتی .

٥ ـ خۆشـحاڵبوون بـه دابـەزینی دیـن و ئـاینی پێغەمبـەر (ﷺ) .

٦ ـ ناحـەزبوون بـه سـەركەوتنی دیـن و ئـاینی پێغەمبـەر (ﷺ) .

**پ ٥٧ / دووڕوویی كرداری كامەیە ؟**

دووڕوویــی كــرداری بــریتــیـیــه لــه : كردنــی شــتێك لــه كردەوەكانی دووڕووەكان لەگەڵ مانەوەی ئیمان و بـاوەڕ لـه دڵدا ، وەكو : درۆكردن و خیانەت كردن و تەمبەڵی له نوێژی جەماعەت .

**پ ٥٨ / كامەیە جیاوازی نێوان دووڕوویی بیروباوەڕی و دووڕوویی كرداری ؟**

جیاوازی نێوان دووڕوویی بیروباوەڕی و دووڕوویی كرداری لەم شتانەدایه :

١ / دووڕوویی بیروبــاوەڕی خاوەنەکـەی لە ئیسلام دەباتە دەرەوە ، بەڵام دووڕوویــی کـرداری خاوەنەکـەی لـە ئیـسلام نــاباتە دەرەوە .

٢ / دووڕوویی بیروباوەڕی بریتـی‌یە لە : هەبوونی جیـاوازی لــە نێــوان شــاردنەوە و ڕاگەیانــدن لــە بیروبــاوەڕدا ، بــەڵام دووڕوویی کرداری بریتـی‌یە لە : هەبوونی جیـاوازی لـە نێـوان شاردنەوە و ڕاگەیاندن لە کردەوەکاندا جگە لە بیروباوەڕ .

٣ / دووڕوویی بیروباوەڕی : لە ئیمانداری‌ەوە دەرناچـێت و لـێی ناوەشێتەوە ، بەڵام دووڕوویی کرداری هەندێك جـار لـە ئیماندارەوە دەردەچێت و لـێی دەوەشێتەوە .

✿ ✿ ✿

## بابەتی عیبادەتە شەرعیەکان و بیدعە ڕێگە پێنەدراوەکان

**پ ٥٩ / ئایا خوای بەرز و پایەدار بۆ چ شتێك ئێمەی دروستکردووە ؟ وە کامەیە بەڵگە ؟**

خوای بەرز و پایەدار ئێمەی دروستکردووە بۆ پەرستنی بە تەنها و بێشەریك ، وە بەڵگەش لەسەر ئەمە فەرمایشتی خوای گەورەیە : ﴿ وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾ ﴾ [الذاريات] واتە : من جنۆکە و مرۆڤم دروست نەکردووە تەنها بۆ پەرستنی خۆم نەبێت .

**پ ٦٠ / کامەیە واتای عیبادەت ؟**

عیبادەت بریتی‌یە لە : ناوێکی کۆکەرەوە بۆ هەموو ئەو وتە و کردارە دیار و نادیارانەی کە خوا خۆشیدەوێن و لێیان ڕازیە .

**پ ٦١ / مەرجەکانی قەبوڵکردنی عیبادەت کامانەن ؟**

عیبادەت بە دوو مەرج قەبوڵ دەکرێت :

١ ـ نییەت و نیازپاکی بۆ خوای بەرز و پایەدار .

٢ ـ شوێنکەوتن بۆ پێغەمبەر (ﷺ) .

**پ ٦٢ / كامەيە واتـاى نييـەت و نيازپـاكى بـۆ خـواى بەرز و پايەدار ؟**

نييەت و نيازپاكى بريتى‌يە لـە : پـاك‌وخـاوێن كردنـەوەى عيبادەت لە هـەموو پۆخڵەواتـەكانى : شـيرك و (پێشـچاوى / ريـــا* و (بەرگوێ‌خستن / سومعەت)** .

**پ ٦٣ / كامەيە بەڵگـە لەسـەر پێويستبوونى نييـەت و نيازپاكى بۆ خواى بەرز و پايەدار ؟**

بەڵگـــە لەســـەر پێويـــستبوونى نييـــەت و نيازپـــاكى فەرمايشتى خـواى گەورەيـە : ﴿وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ حُنَفَآءَ وَيُقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤۡتُواْ ٱلزَّكَوٰةَۚ وَذَٰلِكَ دِينُ ٱلۡقَيِّمَةِ ٥﴾ [البينـــة] واتــە : بـە هـيچ شـتێك فـەرمانيان پێ‌نـەكراوە تـەنها بەوەنەبێت كە خوا بپەرستن و بە نييەتێكى پاكەوە دينـدارى بۆ خوا بكـەن و ڕاسـاڵ بـن و نوێـژ بكـەن بـە ڕێـك و پێكـى و زەكات بدەن ، ئا ئەوە ئاينى ڕێك و ڕاستە .

---

* الرِّياء : واتە : پێشچاوى كردن بە عيبادەت .

** السُّمعة : واتە : عيبادەت كردن بدرێت بە گوێ‌ى خەڵكدا .

**پ ٦٤ / کامەیە واتای شوێنکەوتن بۆ پێغەمبەر (ﷺ) ؟**

شوێنکەوتن بۆ پێغەمبەر (ﷺ) بریتی‌یە لە : چاوکردن لە پێغەمبەر (ﷺ) لە عیبادەت کردنی خوای بەرز و پایەدار ، بەوەی کە عیبادەت کردنەکە پێکبێتەوە لەگەڵ سوننەتدا و بەدەربێت لە بیدعە .

**پ ٦٥ / کامەیە بەڵگە لەسەر پێویستبوونی شوێنکەوتن بۆ پێغەمبەر (ﷺ) ؟**

بەڵگە لەسەر پێویستبوونی شوێنکەوتن بۆ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمایشتی خوای گەورەیە : ﴿ قُلۡ إِن كُنتُمۡ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِي يُحۡبِبۡكُمُ ٱللَّهُ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۚ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ٣١ ﴾ [آل عمران] .

واتە : ئەی پێغەمبەر پێیان بڵێ : ئەگەر ئێوە خواتان خۆشدەوێت ئەوا شوێنی من بکەون [لە پاداشتی ئەمەشدا] خوا خۆشتانی دەوێت و لە تاوانەکانتان خۆشدەبێت ، خوایش لێبووردە و بە بەزەییە .

**پ ٦٦ / کامەیە واتای بیدعە لە ئایندا ؟**

بیدعە لە ئایندا بریتیـیە لـە : عیبـادەت کـردن بـۆ خـوای بەرز و پایـەدار بە شتـێـك کـە پێغـەمبەر (ﷺ) و جێـنیشیـنە ژیروهۆشمەندەکانی لەسەری نەبوون .

وە وتراویشە بریتیـیە لە : هەر شتێك کە دیندا داهێنـراوە بە بێ بەڵگە .

**پ ٦٧ / کامەیە حوکمی بیدعە لە ئایندا ؟ لەگەڵ بەڵگە .**

هـەموو بیدعەیـەك لـە ئاینـدا حەرامـە و گومڕاییـە ، وە بەڵگەش فەرمایشتی پێغەمبەرە (ﷺ) : ((مَنْ أَحْدَثَ فِي أَمْرِنَا هَذَا مَا لَيسَ مِنْهُ فَهُــوَ رَدٌّ))[١] واتـە : هەرکەسێك شـتێك لـەم دینەماندا دابهێنێت کە تێیدا نـەبێت ئـەوا ڕەت دەکرێتـەوە و قەبوڵ ناکرێت .

هەروەها فەرمایشتی پێغەمبـەرە (ﷺ) : ((وَكُــلَّ بِدْعَــةٍ ضَلاَلَةٌ))[٢] واتە : وە هەموو بیدعەیەکیش گومڕاییە .

(١) رواه البخاري : (٢٦٩٧) ، ومسلم : (١٧٨١) .
(٢) رواه مسلم : (٨٦٧) .

**پ ٦٨ / بەشەکانی بیدعە لە ئایندا کامانەن ؟**

بیدعە لە ئایندا دوو جۆرە :

**جۆری یەکەم** : بیدعە لە بیروباوەڕدا (بدعة قوليَّة اعتقاديَّة) : وەکو بیروباوەڕ و بۆچوونەکانی (جەهمییە) و (موعتەزیلە) و (ڕافیزە) و سەرجەم گروپە سەرلێشێواوەکان و بیروڕاکانیان .

**جۆری دووەم** : بیدعە لە عیبادەت و پەرستنەکاندا : وەکو عیبادەت کردن بۆ خوا بە عیبادەتێك کە شەرعییەتی پێنەداوە ، ئەویش چەند بەشێکە :

**بەشی یەکەم** : داهێنانی عیبادەت و پەرستن لە ئەصڵ و بنەڕەتدا [داهێنانی پەرستنێك کە ئەو پەرستنە ئەصڵ و بنەڕەتی نەبێت لە ئایندا] ، وەکو طەواف کردن بە دەوری قەبر و گۆڕەکاندا یان جەژنەکانی لەدایکبوون و ئاهەنگی مەولود و جگە لەوانەش .

**بەشی دووەم** : داهێنان لە شێواز و چۆنێتی بەجێهێنانی عیبادەتێکی ڕێگەپێدارو لە شەرعدا ، وەکو خوێندنی زیکرە شەرعیەکان بە کۆمەڵ و جەماعەت .

**بەشی سێیەم** : داهێنان لە تایبەت کردنی کاتێك بۆ

عیبــادەتێکی ڕێگەپێــدارو لــە شــەرعدا کــە شــەرع تایبــەتی نەکردووە بەو کاتــەوە ، وەکـو تایبـەت کردنـی ڕۆژی نیـوەی مانگی شەعبان بۆ بەڕۆژووبوون و شەوەکەشـی بـۆ شـەونوێژ کردن تێیدا .

**پ ٦٩ / چەند نموونەیەك لەسەر بیدعە لە ئایندا باسبکە ؟**

بیدعەکان لە ئایندا زۆرن ، لە دیارترینیان ئەمانەن :

١ ـ ئاهەنگی یادی لەدایکبوونی پێغەمبەر (ﷺ) .

٢ ـ ئاهەنگی یادی شەوی (الإسراء والــمعراج) .

٣ ـ بینــاکردنی ژوور و کــەپر و گومــەزی لەســەر قــەبر و گۆڕەکان و کردنیان بە مزگەوت و شوێنی پەرستن .

**پ ٧٠ / هۆکارەکانی تێوەگلان بە بیدعەکان کامانەن ؟**

تێوەگلان بە بیدعەکان چەندین هۆکاری هەیە ، لەوانە :

١ / نەزانینی حوکمە شەرعیەکان .

٢ / شوێنکەوتنی هەوا و ئارەزووەکان .

٣ / لاساییکردنەوەی کوێرانە .

٤ / خۆشوبهاندن بە کافر و بێباوەڕان .

## بابەتی دەستنوێژ و خۆشۆردن

**پ ٧١ / کامەیە واتای دەستنوێژ ؟**

دەستنوێژ بریتی‌یە لە : شۆردن و دەستهێنان بەسەر چەند ئەندامێکی تایبەتدا .

**پ ٧٢ / مەرجەکانی دەستنوێژ کامانەن ؟**

مەرجەکانی دەستنوێژ دە مەرجن ، کە ئەمانەن :

١ ـ موسڵمان بوون .

٢ ـ عاقڵ بوون .

٣ ـ تەمیزکردن و تێگەیشتن و جیاکردنەوەی شتەکان لە یەکتر .

٤ ـ هەبوونی نییەت .

٥ ـ لەگەڵدابوونی حوکمەکەی بەوەی کە نیازی پچڕاندنی نەبێت تاوەکو پاك وخاوێنیەکەی تەواو بێت .

٦ ـ نەمان و کۆتایی هاتن و لێبوونەوە لە ئەوەی کە دەستنوێژ دەخوازێت .

٧ ـ خۆ پاك وخاوێنکردنەوە بە ئاو یان بە بەرد لە پێش دەستنوێژگرتن ، ئەمە لە پاش میز یان پیسی کردن .

٨ ـ پاك وخاوێنی و حەڵاڵێتی ئەو ئاوەی کە دەستنوێژی پێدەگیرێت .

٩ ـ لابردنی ئەوەی کە دەبێتە ڕێگر لە گەیشتنی ئاوی دەستنوێژگرتن بە پێست .

١٠ ـ ڕۆیشتنە ناو کاتی نوێژەوە بۆ ئەو کەسەی کە هەمیشە بێدەستنوێژە .

**پ ٧٣ / فەرزەکانی دەستنوێژ** (فُروض الوُضوء) **کامانەن ؟**

فەرزەکانی دەستنوێژ شەشن ، کە ئەمانەن :

١ ـ شۆردنی روومەت و روخسار ، وە ئاوڕادانە ناو دەم و لووتیش بەشێکن لێی .

٢ ـ شۆردنی هەردوو دەست لەگەڵ هەردوو ئانیشك (قوڕنێسك) .

٣ ـ دەست هێنان بە هەموو سەردا ، وە هەردوو گوێیش بەشێکن لە سەر .

٤ ـ شۆردنی هەردوو پێ لەگەڵ هەردوو قولەپێ (قاپەڕەقەی پێ) .

٥ ـ ریزبەندی (الترتيب) ، واتاکەشی ئەوەیە کە ریزبەندی

هەبێت لە نێوان ئەندامەكانی دەستنوێژدا بەوەی كە سەرەتا ڕوومەت و ڕوخساری بشۆرێت ، ئەنجا هەردوو دەستی ، ئەنجا دەست بهێنێت بە سەردا ، ئەنجا هەردوو پێی بشۆرێت بەو شێوازەی كە خوای بەرز و پایەدار فەرمانی پێكردووە لە كتێبە ئازیزەكەیدا .

٦ ـ پێكەوەبوون و بەدوای یەكتردا بوون (الْـمُوَالاَةَ) ، واتاكەشی ئەوەیە كە شۆردنی ئەندامەكانی دەستنوێژ یەك بە دوای یەك و لەگەڵ یەكتر بن بە پێی توانا .

**پ ٧٤ / هەڵوەشێنەرەوەكانی دەستنوێژ كامانەن ؟**

**هەڵوەشێنەرەوەكانی دەستنوێژ چوارن :**

١ ـ ئەوەی كە لە هەردوو ڕێگای (پێش و پاشەوە) دێتە دەرەوە لە : میز یان مەذی یان پیسی یان با (دەنگ یان بۆن) .

٢ ـ نەمانی هەست و هۆش بە شێتبوون یان بورانەوە یان خەولێكەوتن جگە لە خەوێكی سووك نەبێت .

٣ ـ خواردنی گۆشتی وشتر .

٤ ـ دەست بەركەوتنی عەورەت بە بێ هەبوونی بەربەست .

**پ ٧٥ / كامەیە بەڵگە لەسەر پێویست (واجب) بوونی دەستنوێژگرتن لە كاتی ڕوودانی یەكێك لە هەڵوەشێنەرەوەكانی ؟**

بەڵگە لەسەر پێویست (واجب) بوونی دەستنوێژگرتن فەرمایشتی خوای گەورەیە : ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا قُمۡتُمۡ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ فَٱغۡسِلُواْ وُجُوهَكُمۡ وَأَيۡدِيَكُمۡ إِلَى ٱلۡمَرَافِقِ وَٱمۡسَحُواْ بِرُءُوسِكُمۡ وَأَرۡجُلَكُمۡ إِلَى ٱلۡكَعۡبَيۡنِۚ ٦﴾ [المائدة] .

واتە : ئەی ئەو كەسانەی كە باوەڕتان هێناوە ئەگەر هەستان بۆ نوێژكردن ئەوا ڕوومەتتان و دەستتان تاوەكو ئانیشكەكانتان بشۆن و دەست بێنن بە سەرتاندا و پێكانتانیش تاوەكو هەردوو قولەپێتان بشۆن .

**پ ٧٦ / كامەیە واتای خۆشۆردن (غوسل كردن) ؟**

خۆشۆردن (غوسل كردن) بریتییە لە : بەكارهێنانی ئاو بۆ شۆردنی هەموو لەش بە شێوازێكی تایبەت .

**پ ٧٧ / ئەو شتانەی کە خۆشۆردن پێویست دەکەن کامانەن ؟**

ئەو شتانەی کە خۆشۆردن پێویست دەکەن سیانن :

١ ـ هاتنەدەرەوەی (مەنی) بە فڕێدانە دەرەوە و چێژبینین .

٢ ـ جووتبوون ئەگەر چی ئاویش دانەبەزێت .

٣ ـ هاتنەدەرەوەی خوێنی بێنوێژی یان زەیسانی .

**پ ٧٨ / کامەیە بەڵگە لەسەر پێویست (واجب) بوونی خۆشۆردن لە کاتی ڕوودانی یەکێك لەو شتانەی کە خۆشۆردن پێویست دەکەن ؟**

بەڵگە لەسەر پێویست (واجب) بوونی خۆشۆردن فەرمایشتی خوای گەورەیە : ﴿وَإِن كُنتُمْ جُنُبًا فَاطَّهَّرُوا ۚ ﴿٦﴾﴾ [المائدة] .

واتە : وە ئەگەر ئێوە لەشگران بوون ئەوا خۆتان بشۆن .

**پ ٧٩ / کامەیـە جـوانی و چـاکەکانی دەسـتنوێژگرتن یان خۆشۆردن ؟**

جوانی و چـاکەکانی دەسـتنوێژگرتن و خۆشـۆردن زۆرن ، لە گرنگترینیان ئەمانەن :

١ ـ بەڕاستی ئیسلام ئاینێکی گەورەیە و بانگەشە دەکـات بۆ پاك‌وخاوێنی هەستپێکراو و مەعنەویش .

٢ ـ سڕینەوەی ئەو تاوان و خراپانەی کە لـە ئەندامـەکانی دەستنوێژ دەوەشێنەوە .

٣ ـ پارێزگـاری کـردن لـە تەندروسـتی لـەش و سـەلامەت بوونی و چالاك بوونی .

٤ ـ خۆئامادە کـردن بـۆ وتووێـژکردن لەگـەڵ خـوا لـە نـاو نوێژدا لەسەر باشترین حاڵەت .

❁ ❁ ❁

## بابەتی نوێژ

**پ ٨٠ / کامەیە واتای نوێژ ؟**

نوێژ بریتی‌یە لە : عیبادەتێکی پێکهاتوو لە چەندین وتە و کردار کە بە تەکبیرەی ئیحرام دەست پێ‌دەکات و بە سەلامدانەوە کۆتایی پێ‌دێت .

**پ ٨١ / ئەو نوێژانەی کە فەرز و پێویستن لەسەر هەموو موسڵمانێکی پیاو و ئافرەت کامانەن ؟**

نوێژە فەرزەکان پێنج نوێژن لە شەو و ڕۆژێکدا ، کە ئەمانەن :

١ ـ نوێژی بەیانی (دوو رکعاتە) .

٢ ـ نوێژی نیوەڕۆ (چوار رکعاتە) .

٣ ـ نوێژی عەسر (چوار رکعاتە) .

٤ ـ نوێژی مەغریب (سێ رکعاتە) .

٥ ـ نوێژی عیشا (چوار رکعاتە) .

**پ ٨٢ / کامەیە بەڵگە لەسەر پێویست (واجب) بوونی پێنج نوێژەکە ؟**

بەڵگە لەسەر پێویست (واجب) بوونی پێنج نوێژەکە

فەرمایشتی خوای بەرز و پایـەدارە : ﴿حَٰفِظُواْ عَلَى ٱلصَّلَوَٰتِ وَٱلصَّلَوٰةِ ٱلۡوُسۡطَىٰ وَقُومُواْ لِلَّهِ قَٰنِتِينَ ٢٣٨﴾ [البقرة] .

واتە : پارێزگاری بکەن لەسەر نوێژە فەرزەکان و باشترین نوێژ و لە ناو نوێژەکانـدا ڕاوەسـتن بـۆ خـوا بـە گوێڕایـەڵی و ملکەچی و داساکانەوە .

**پ ٨٣ / کامەیە حوکمی وازهێنان لـە نوێـژ ؟ وە کامەیـە بەڵگە ؟**

وازهێنان لە نوێژ کوفرێکی بەدەرکەرە لە ئیسلام* .

وە بەڵگـەش فەرمایـشتی پێغەمبـەرە (ﷺ) : ((إِنَّ بَـيْنَ الرَّجُلِ وَبَيْنَ الشِّرْكِ وَالْكُفْرِ تَرْكُ الصَّلَاةِ))(١) .

واتە : بەڕاستی لە نێـوان پیاوێـك و نێـوان شـیرك و کـوفر وازهێنانە لە نوێژ .

---

* واتە : هەرکەسێك وازبێنێت لە نوێژکردن ئەوا کوفری کردووە و بەم کوفر کردنەش لـە ئیسلام دەچێتە دەرەوە و ئەو کەسە موسڵمان نییە .

(١) رواه مسلم : (٨٢) .

**پ ٨٤ / مەرجەكانی نوێژ كامانەن ؟**

مەرجەكانی نوێژ نۆ مەرجن :

١ ـ موسڵمان بوون .

٢ ـ عاقڵ بوون .

٣ ـ تەمیزكردن و تێگەیشتن و جیاكردنەوەی شتەكان لە یەكتر .

٤ ـ لابردنی بێنوێژی .

٥ ـ لابردنی پیسی .

٦ ـ داپۆشینی عەورەت .

٧ ـ ڕۆیشتنە ناو كاتەوە .

٨ ـ رووكردنە قیبلە .

٩ ـ هەبوونی نییەت .

**پ ٨٥ / پایەكانی نوێژ** (أركان الصلاة) **كامانەن ؟**

پایەكانی نوێژ چواردەن :

١ ـ بە پێوە وەستان لەگەڵ هەبوونی توانادا .

٢ ـ تەكبیرەی ئیحرام [(اللّٰه أكبر)ی دابەستنی نوێژ] .

٣ ـ خوێندنی سورەتی فاتیحە .

٤ ـ کڕنوش بردن (الركوع) .

٥ ـ ڕاستبوونەوەی پاش کڕنوش بردن .

٦ ـ سوجدەبردن لەسەر هەر حەوت ئەندامەکە .

٧ ـ ڕاستبوونەوە لە سوجدەبردن .

٨ ـ دانیشتنی نێوان هەردوو سوجدەکە .

٩ ـ ئارامبوون و لەجووڵەکەوتن لە هەموو پایەکاندا .

١٠ ـ ریزبەندی (الترتیب) لە نێوان هەموو پایەکاندا .

١١ ـ وە شایەتومانی (تەحیاتی) کۆتایی .

١٢ ـ دانیشتن بۆ شایەتومانی (تەحیاتی) کۆتایی .

١٣ ـ سەڵاواتدان لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) .

١٤ ـ هەردوو سەلامدانەوەکە .

## پ ٨٦ / کامەیە سورەتی فاتیحە ؟

سورەتی فاتیحە : گەورەترین سورەتە لە نێو قورئان ، وە فێربوونی پێویستە چونکە بە بێ خوێندنی نوێژ دروست نییە ، وە بە کۆڕای زانایان ژمارەی ئایەتەکانی حەوت ئایەتە ، وە (بِسْمِ اللهِ) وتن بەشێك نییە لەم سورەتە لەسەر وتەی ڕاستی زانایان ، ئەویش بریتییە لە فەرمایشتی خوای

بــەرز و پایــەدار : ﴿ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ۝١ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ۝٢ مَٰلِكِ يَوْمِ ٱلدِّينِ ۝٣ إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ ۝٤ ٱهْدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلْمُسْتَقِيمَ ۝٥ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ غَيْرِ ٱلْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ۝٧﴾ [الفاتــحة] .

**پ ٨٧ / فەرزەکانی نوێژ** (واجبات الصلاة) **کامانەن ؟**

**فەرزەکانی نوێژ هەشتن :**

**١ ـ هەموو** (الله أكبر)**ەکان جگە لە تەکبیرەی ئیحرام .**

**٢ ـ وتەی** (سُبْحَانَ رَبِّــيَ الْعَظِيم) **لە کڕنوشدا .**

**٣ ـ وتەی** (سَمِعَ اللَّهُ لِمَنْ حَمِدَه) **بۆ ئیمام و تاك .**

**٤ ـ وتەی** (رَبَّنَا وَلَكَ الْحَمْد) **بۆ هەمووان .**

**٥ ـ وتەی** (سُبْحَانَ رَبِّــيَ الأَعْلَى) **لە سوجدەدا .**

**٦ ـ وتەی** (رَبِّ اغْفِرْ لِــي) **لە نێوان هەردوو سوجدەکەدا .**

**٧ ـ شایەتومانی (تەحیاتی) یەکەم .**

**٨ ـ دانیشتن بۆ شایەتومانی (تەحیاتی) یەکەم .**

**پ ٨٨ / کامەیە شایەتومانی (تەحیاتی) یەکەم ؟**

**شایەتومانی یەکەم ئەوەیە کە نوێژخوێن بڵێت :** (التَّحِيَّاتُ لِلَّه ، وَالصَّلَوَاتُ وَالطَّيِّبَاتُ ، السَّلَامُ عَلَيْكَ أَيُّهَا النَّبِيُّ وَرَحْمَةُ اللَّه وَبَرَكَاتُهُ ، السَّلَامُ عَلَيْنَا وَعَلَى عِبَادِ اللَّه الصَّالِحِينَ ، أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ) .

**پ ٨٩ / لە چی کاتێکدا شایەتومانی یەکەم دەوترێت ؟**

**شایەتومانی یەکەم لە کاتێکدا دەوترێت کە نوێژخوێن لە پاش بەرزبوونەوە لە سوجدەی دووەم دادەنیشێت لە رکعاتی دووەم لە نوێژی نیوەڕۆ و عەسر و مەغریب و عیشا .**

**پ ٩٠ / کامەیە شایەتومانی (تەحیاتی) کۆتایی ؟**

**شایەتومانی کۆتایی ئەوەیە کە نوێژخوێن بڵێت :**
(التَّحِيَّاتُ لِلَّه ، وَالصَّلَوَاتُ وَالطَّيِّبَاتُ ، السَّلَامُ عَلَيْكَ أَيُّهَا النَّبِيُّ وَرَحْمَةُ اللَّه وَبَرَكَاتُهُ ، السَّلَامُ عَلَيْنَا وَعَلَى عِبَادِ اللَّه الصَّالِحِينَ ، أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ .

اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّد وَعَلَى آلِ مُحَمَّد ، كَمَا صَلَّيْتَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ وَعَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ ، اللَّهُمَّ بَارِكْ عَلَى مُحَمَّد وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ ، كَمَا بَارَكْتَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ وَعَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ) .

**پ ٩١ / لە چی کاتێکدا شایەتومانی کۆتایی دەوترێت ؟**

شایەتومانی کۆتایی لە کاتێکدا دەوترێت کە نوێژخوێن لە پاش بەرزبوونەوە لە سوجدەی دووەم دادەنیشێت لە رکعاتی کۆتایی .

**پ ٩٢ / سوننەتەکانی نوێژ کامانەن ؟**

سوننەتەکانی نوێژ زۆرن ، لەوانە :

١ ـ زیکر و دوعای سەرەتای دەستپێکردنی نوێژ .

٢ ـ دەستی ڕاست بخرێتە سەر دەستی چەپ لە کاتی وەستاندا .

٣ ـ بەرزکردنەوەی هەردوو دەست تا ئاستی هەردوو شان یان هەردوو گوێ لە کاتی (الله أكبر)ی یەکەمدا ، وە لە کاتی کڕنوش بردن و بەرزبوونەوەش لێی ، وە لە کاتی هەستانەوەش لە شایەتومانی (تەحیاتی) یەکەمدا بۆ ڕکعاتی سێیەم .

٤ ـ زیاتر لە یەك جار وتنی تەسبیحاتی کڕنوش و سوجدە بردن .

٥ ـ زیاتر له یەك جار پاڕانـەوه بـه داوای لێخۆشـبوون لـه نێوان هەردوو سوجدەكەدا .

٦ ـ ڕاگرتنی سەر له ئاست پشتدا له كڕنوشدا .

٧ ـ دوورخستنەوەی هەردوو بازوو لـه هـەردوو لاكەلەكـه ، وه دوورخستـنـــەوەی ســك له هەردوو ڕان له سوجدەدا .

٨ ـ بـەرزكــردنەوەی هـەردوو قـۆڵ لـه زەوی لـه كاتـــی سوجدەدا .

٩ ـ دانیشتنی نوێژگەر لەسەر پێی چەپی ، وه چەقاندنی پێی ڕاستی به زەویدا لـه شـایەتومانی (تـەحیاتی) یەكـەم و له نێوان هەردوو سوجدەكه و لـه شـایەتومانی كۆتـاییش لـه نوێژه دوو ركعاتیەكاندا ، وه ئەمەش ناودەبرێت به (ڕاخستن / الإفتراش) .

١٠ ـ تـەوەروك لـه شـایەتومانی (تـەحیاتی) كۆتاییـدا لـه نوێژه سێ و چوار ركعاتیەكاندا : كـه بـریتـیـیـه لـه دانیـشتن لەسەر سمتی ، وه پـێی چـەپی بخاتـه ژێـر پـێی ڕاسـتی و پێی ڕاستیشی به زەویدا بچەقێنێت .

١١ ـ دوعاكردن و پاڕانەوه له تەحیاتی كۆتاییدا .

١٢ ـ دەربڕینی قورئان خوێندن لە نوێژی بەیانی و نوێـژی جومعە و نوێژی هەردوو جەژن و نوێژە بارانـەدا ، وە لـە دوو رکعاتی یەکەمی هەردوو نوێژی مەغریب و عیشایشدا .

١٣ ـ بە کپ خوێنـدن و دەرنـەبڕینی قورئـان خوێنـدن لـە نوێژی نیوەڕۆ و عەسر و لە رکعاتـی سێیەمی مـەغریب و دوو رکعاتی کۆتایی عیشایشدا .

١٤ ـ خوێندنی قورئان زیاتر لە سورەتی فاتیحە .

**پ ٩٣ / جیاوازی چی‌یە لە نێوان پایەکان و فەرزەکان و سوننەتەکانی نوێژ ؟**

پایە : بە وازلێهێنـانی بـە ئەنقەسـت یـان بـە سـەهو نوێـژ بـەتاڵ دەبێتـەوە ، وە فـەرز (واجـب) : بـە وازلێهێنـانی بـە ئەنقەست نوێژ بەتاڵ دەبێتەوە بەڵام وازلێهێنـانی بـە سـەهو ئـەوا جـێی پڕدەبێتـەوە بـە دوو سـوجدەکەی سـەهو ، وە سـوننەت : کـردن و ئەنجامـدانی خۆشویـستراوە و هـیچ شتێکیش نی‌یە لەسەر نوێژخوێن بە وازلێهێنانی .

**پ ٩٤ / هەڵوەشێنەرەوەکانی نوێژ کامانەن ؟**

**هەڵوەشێنەرەوەکانی نوێژ هەشتن :**

**١ ـ قسەکردن بە ئەنقەست ئەگەر بە بێ نەزانین و لەبیرچوون روویدا .**

**٢ ـ پێکەنین .**

**٣ ـ خواردن یان خواردنەوە .**

**٤ ـ دەرکەوتنی عەورەت .**

**٥ ـ لادان و وەرچەرخانی زۆر لە رووی قیبلەدا .**

**٦ ـ دەست هێنان و بردنی زۆری یەك بەدوای یەك لە ناو نوێژدا .**

**٧ ـ دەستنوێژ شکان .**

**٨ ـ وازهێنان لە پاییەك لە پایەکانی نوێژ ، وەکو وازهێنان لە ئارامبوون و لەجووڵەکەوتن (الطُمأنينة) ، یان وازهێنان لە سوجدەبردن لەسەر حەوت ئەندامەکە .**

**وە شتانێکی حەرامیش هەن کە دروست نی‌یە لە ناو نوێژدا ئەنجام بدرێن : وەکو چاو بەرز کردنەوە بەرەو ئاسمان ، وە پێشکەوتنی ئەو کەسەی کە لە پشت ئیمامەوە**

نوێژ دەکات بۆ ئیمامەکەی ، وە هەبوونی بۆنێکی بێـزراو کـە ئەزێتی نوێژخوێنەکان بدات ، وە خوێندنەوە تەنها بە دڵ بـە بێ جوڵاندنەوەی زمان .

## پ ٩٥ / کامەیە جوانی و چاکەکانی نوێژکردن ؟

جـوانی و چـاکەکانی نوێـژکردن زۆرن ، لـە گرنگترینیـان ئەمانەن :

١ ـ نوێژکردن دڵ و دەروون ئارام دەکـات و سـنگ فـراوان دەکات و وتووێژکردنیشە لەگەڵ خوای گەورەدا .

٢ ـ نوێژکردن تاوان و خراپەکان دەسڕێتەوە .

٣ ـ نوێژکردن ڕێگری لە موسڵمان دەکات لە خراپەکاری و تاوان کردن .

٤ ـ نوێـژکردن موسـڵمان دەپارێزێـت لـە خراپـە و بـەڵا و موسـیبەتەکان ، وە کەسـی نوێـژخوێن دەکەوێتـە ئەسـتۆ و پاراستنی خواوە .

❁ ❁ ❁

## بابەتی زەکات

**پ ٩٦ / کامەیە واتای زەکات ؟**

زەکات بریتی‌یە لە : حەق و مافێکی پێویست ، لەماڵێکی تایبەتدا ، بۆ کۆمەڵانێکی تایبەت ، لە کاتێکی تایبەتدا .

**پ ٩٧ / کامەیە بەڵگە لەسەر پێویست (واجب) بوونی زەکاتدان ؟**

بەڵگە لەسەر پێویست (واجب) بوونی زەکاتدان فەرمایشتی خوای گەورەیە : ﴿وَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ ٤٣﴾ [البقرة] .

واتە : وە نوێژەکان بە ڕێکوپێکی ئەنجامبدەن و زەکاتیش بدەن .

**پ ٩٨ / ئەو ماڵانەی کە زەکاتدانیان تێدا پێویستە (واجبە) کامانەن ؟**

ئەو ماڵانەی کە زەکاتدانیان تێدا پێویستە پێنجن :

١ ـ وڵاخ و ئاژەڵ : کە بریتی‌یە لە وشتر و مانگا و مەڕ و بزن .

٢ ـ ئـەوەی کـە لـە زەوی دێتـە دەرەوە لـە دانەوێڵـە و بەروبووم بە تەنها .

٣ ـ هەردوو دراوەکە : کە بریتین لە زێڕ و زیـو ، هـەروەها ئــەوەیش کــە جــێی ئــەم دووانــە دەگرێتــەوە لــە دراوە کاغەزیەکان .

٤ ـ ماڵی بازرگانی (ئەوەی کە نمایش دەکرێت بـۆ کـڕین و فرۆشتن) .

٥ ـ کانزاکان و ماڵی ژێرزەوی (ژێرخاکی) .

**پ ٩٩ / مەرجەکانی پێویست (واجب) بوونی زەکاتدان کامانەن ؟**

مەرجەکانی پێویست (واجب) بوونی زەکاتدان چوارن :

١ ـ موسڵمان بوون .

٢ ـ ئازاد بوون (الــحُرِّيَّة) .

٣ ـ خاوەنـدارێتی ئەنـدازەی دیـاریکراو لـە مـاڵ و سـامان خاوەندارێتییەکی تەواو و جێگیر .

٤ ـ تێپەڕبوونی ساڵ بەسەر ماڵەکەدا[١] .

**پ ١٠٠ / ئەوانەی کە زەکاتیان پێ دەشێت کێن ؟**

ئەوانەی کە زەکاتیان پێ دەشێت : ئەوانەن کە شایستەی وەرگرتنی زەکاتن ، ئەوانیش ئەو هەشت چینەن کە خوای بەرز و پایەدار کورتیهەڵهێناون لەم فەرمایشتەیدا :

﴿إِنَّمَا ٱلصَّدَقَٰتُ لِلۡفُقَرَآءِ وَٱلۡمَسَٰكِينِ وَٱلۡعَٰمِلِينَ عَلَيۡهَا وَٱلۡمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمۡ وَفِي ٱلرِّقَابِ وَٱلۡغَٰرِمِينَ وَفِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱبۡنِ ٱلسَّبِيلِۖ فَرِيضَةٗ مِّنَ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٞ ٦٠﴾ [التوبة] .

واتە : بەڕاستی زەکاتەکان تەنها بۆ نەدارەکان و هەژارەکان و کارمەندانی سەرپەرشتکاری و دڵ ڕاگیراوەکان و کۆیلەکان و ژێرقەرزکەوتووەکان و لە پێناوی خوا و ڕێبوارەکانە ، ئەمەیش لە لایەن خواوە بڕاوەتەوە و خوایش زانا و دانایە .

---

[١] ئەم مەرجە تایبەتە بە (وڵاخ و ئاژەڵ) و (هەردوو دراوەکە) و (ماڵی بازرگانی) ، بەڵام (ئەوەی لە زەوی دێتە دەرەوە لە دانەوێڵە و بەروبووم) ئەوا زەکاتەکەی پێویست دەبێت لە کاتی دروێنەکردنی ، وە (کانزاکان و ماڵی ژێرزەوی)یش زەکاتی تێدا پێویست دەبێت لە کاتی هەبوونی و دەرهێنانی و دەستکەوتنی ، وە (بەری وڵاخ و ئاژەڵ) و (قازانجی بازرگانی)ش ساڵانەکەیان بە پێی ساڵانەی سەر و سەرمایەکانیانە .

**پ ١٠١ / کامەیە جوانی و چاکەکانی زەکاتدان ؟**

جوانی و چاکەکانی زەکاتدان زۆرن ، لەوانە :

١ ـ بەدیهێنانی بنەمای هەماهەنگی و هاوکاری و خۆشەویستی لە نێوان دەوڵەمەندەکان و فەقیر و هەژارەکان لە موسڵمانان .

٢ ـ پاك وخاوێن بوونەوەی دڵ و دەروون و دوورخستنەوەی لە ڕەوشتی پیسکەیی و ڕەزیلی .

٣ ـ ڕاکێشانی فەڕ و بەرەکەت و زیادبوونی ماڵ و جێگرتنەوەی ئەوەی کە دەبەخشرێت لە لایەن خوای بەرز و پایەدارەوە .

## بابەتی ڕۆژوو

**پ ١٠٢ / کامەیە واتای ڕۆژوو ؟**

ڕۆژوو بریتی‌یە لە : خۆگرتنەوە لە خواردن و خواردنەوە و و تێکڕای ئەو شتانەی کە ڕۆژوو دەشکێنن لەگەڵ هەبوونی نییەت و مەبەستی بەڕۆژوو بوون لە دەرکەوتنی فەجری ڕاستگۆوە تاوەکو خۆرئاوابوون .

**پ ١٠٣ / کامەیە بەڵگە لەسەر پێویست (واجب) بوونی ڕۆژووگرتن ؟**

بەڵگە لەسەر پێویست (واجب) بوونی ڕۆژووگرتن فەرمایشتی خوای گەورەیە : ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ١٨٣ ﴾ [البقرة] .

واتە : ئەی ئەو کەسانەی کە ئیمان و باوەڕتان هێناوە ڕۆژووتان لەسەر پێویستکراوە هەروەکو چۆن لەسەر ئەوانەی پێش ئێوە پێویستکراوە بەڵکو لەخوابترسن و خۆپارێزی بکەن .

**پ ١٠٤ / مەرجەکانی پێویست (واجب) بوونی ڕۆژووگرتن کامانەن ؟**

مەرجەکانی پێویست (واجب) بوونی ڕۆژووگرتن شەشن :

١ ـ موسڵمان بوون .    ٢ ـ باڵغ بوون .

٣ ـ عاقڵ بوون .    ٤ ـ لەش ساغی .

٥ ـ نیشتەجێ بوون .

٦ ـ بەدەربوون لە سوڕی مانگانە و زەیسانی .

**پ ١٠٥ / ئەو عوزر و بیانووانە کامانەن کە ڕۆژووشکاندن حەڵاڵ دەکەن لە ڕۆژی ڕەمەزاندا ؟**

ئەو عوزر و بیانووانەی کە ڕۆژووشکاندن حەڵاڵ دەکەن لە ڕەمەزاندا چوارن :

١ ـ نەخۆشییەك یان تەمەن گەورەییەك کە بەڕۆژووبوون لەگەڵیاندا ناڕەحەت بێت .

٢ ـ سەفەر کردن .    ٣ ـ سوڕی مانگانە و زەیسانی .

٤ ـ دووگیان بوون ، لەگەڵ هەبوونی ناڕەحەتی لەسەر ئافرەتە دووگیانەکە یان کۆرپەڵەکەی .

٥ ـ شیردان ، لەگەڵ هەبوونی ناڕەحەتی لەسەر ئافرەتە شیردەرەکە یان کۆرپەڵەکەی .

**پ ١٠٦ / هەڵوەشێنەرەوەکانی ڕۆژوو کامانەن ؟**

هەڵوەشێنەرەوەکانی ڕۆژوو حەوتن ، کە ئەمانەن :

١ ـ جووتبوون .

٢ ـ دابەزینی مەنی .

٣ ـ خواردن یان خواردنەوە .

٤ ـ ئەوەی کە بە واتای خواردن یان خواردنەوە بێت وەکو دەرزی خۆراك پێبەخش (الإِبَر الـــمغذية) .

٥ ـ دەرهێنانی خوێن بە کەڵەشاخ کردن .

٦ ـ خۆڕشاندنەوەی بە ئەنقەست کە بریتی‌یە لە دەرهێنانی ئەوەی کە لە مەعیدەدایە لە خواردن و خواردنەوە .

٧ ـ هاتنەدەرەوەی سوڕی مانگانە و کەوتنە زەیسانی .

**پ ١٠٧ / مەرجەکانی ئەوەی کە ئەم هەڵوەشێنەرەوانەی وا ڕۆژوو هەڵدەوەشێننەوە کامانەن ؟**

هەڵوەشێنەرەوەکانی ڕۆژوو ڕۆژووی ڕۆژووان ناشکێنن ئیللا بە سێ مەرج نەبێت :

١ ـ دەبێت ئەو کەسە زانابێت بە حوکمەکەی و زاناش بێت بە کاتەکەی .

٢ ـ دەبێت بیری لەسەرخۆی بێت و لەبیری نەچووبێت .

٣ ـ دەبێت سەرپشك بێت و ناچار نەکرابێت .

**پ ١٠٨ / کامەیە جوانی و چاکەکانی ڕۆژووگرتن ؟**

جوانی و چاکەکانی ڕۆژووگرتن زۆرن ، لەوانە :

١ ـ ڕاهێنانی دڵ و دەروون لەسەر رەوشتە پیرۆزەکان ، وەکو صەبر و خۆڕاگری و پشوودرێژی .

٢ ـ وەبیرهێنانەوەی نیعمەتەکانی خوا بەسەر عەبدەوە لە خواردن و خواردنەوە .

٣ ـ وەبیرهێنانەوەی پێویستی فەقیر و هەژاران بۆ لالێکردنەوەیان و چاکەکردن لەگەڵیان .

٤ ـ پارێزگاری کردن لەسەر لەش ساغی و سەلامەت بوونی لەش .

❁ ❁ ❁

## بابەتی حەج

**پ ١٠٩ / کامەیە واتای حەج ؟**

حەج بریتـیـیە لـە : ڕۆیـشتن بـۆ مەککـە بـۆ ئەنجامـدانی کارێکی تایبەت لە کاتێکی تایبەتدا .

**پ ١١٠ / کامەیە بەڵگە لەسەر پێویست (واجب) بوونی حەج کردن ؟**

بەڵگــە لەســەر پێویـسـت (واجـب) بــوونی حــەج کـردن فەرمایـشتی خـوای گەورەیـە : ﴿وَلِلَّهِ عَلَى ٱلنَّاسِ حِجُّ ٱلۡبَيۡتِ مَنِ ٱسۡتَطَاعَ إِلَيۡهِ سَبِيلٗاۚ وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَنِيٌّ عَنِ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٩٧﴾ [آل عمران] واتە : حەق و مافی خوایە بەسەر خەڵکەوە کە حەجی ماڵەکەی بکەن بۆ هەرکەسێك کە توانای هـەبێت بـڕوات ، وە هەرکەسـێکیش کـوفر بکـات ئـەوا بەڕاسـتی خـوای گـەورە دەوڵەمەندە و پێویستی بە جیهانیان نییە .

**پ ١١١ / مەرجـەکانی پێویـست (واجـب) بـوونی حـەج کردن کامانەن ؟**

مەرجەکانی پێویست (واجب) بوونی حەج کردن پێنجن :

١ ـ موسڵمان بوون .

٢ ـ عاقڵ بوون .

٣ ـ باڵغ بوون .

٤ ـ ئازاد بوون (الـحُرِّيَّة) . .

٥ ـ هەبوونی توانا .

**پ ١١٢ / کامەیە جۆرەکانی حەج کردن ؟**

جۆرەکانی حەج کردن سیانن :

١ ـ (التَّمَتُّع) : عومرە و حەجی بە ئیسراحەت ، کە بریتی‌یە لە ئیحرام کردن بە عومرە لە مانگەکانی حەجدا پاشان دەرچوون لێی ، پاشان ئیحرام کردن بە حەج لە (یوم التروية / ڕۆژی تێربوون لە ئاو) ڕۆژی هەشتەم لە مانگی حاجیان .

٢ ـ (القِرَان) : عومرە و حەج پێکەوە ، کە بریتی‌یە لە ئیحرام کردن بە عومرە و حەج لەگەڵ یەکدا .

٣ ـ (الإِفْرَاد) : حەجی بە تەنها ، کە بریتی‌یە لە ئیحرام کردن بە حەجبە تەنها .

وه باشترینی جۆرەکانی حەج بریتی‌یە لە (التَّمَتُّع / عومرە و حەجی بە ئیسراحەت) ، پاشان (القِـــرَان / عومرە و حەج پێکەوە) ، پاشان (الإِفْـــرَاد / حەجی بە تەنها) ، وە ئەو کەسەی کە عومرە و حەج پێکەوە دەکات و ئەو کەسەش کە حەجی بە تەنها دەکات لە کارەکانی حەجدا یەکسانن ، تەنها ئەوە نەبێت کە ئەو کەسەی عومرە و حەج پێکەوە دەکات (الـــهَدي / سەربڕینی ئاژەڵێك) پێویست دەبێت لەسەری ، بەڵام ئەمە پێویست نابێت لەسەر ئەو کەسەی کە حەجی بە تەنها دەکات .

**پ ١١٣ / پایەکانی حەج کامانەن ؟**

پایەکانی حەج چوارن :

١ ـ ئیحرام کردن .

٢ ـ ڕاوەستان لە عەرەفە .

٣ ـ طەوافی گەڕانەوە (طَواف الإِفَاضة) .

٤ ـ سەعی نێوان صەفا و مەروە .

## پ ١١٤ / فەرزەکانی حەج کامانەن ؟

فەرزەکانی حەج حەوتن :

١ ـ ئیحرام کردن لە میقاتەوە[١] .

٢ ـ ڕاوەستان لە عەرەفە تاوەکو شەودادێت بۆ ئەو کەسەی کە لە ڕۆژدا دەچێتە ئەوی .

٣ ـ مانەوە لە موزدەلیفە لە شەوی جەژنی قورباندا .

٤ ـ مانەوە لە مینا لە شەوانی ڕۆژەکانی تەشریقدا .

٥ ـ بەردهاوێشتنە ناو حەوزەکان بە ریزبەندی .

---

[١] شوێنە دیاری کراوەکان (المواقیت المكانية) بۆ ئیحرام کردن بۆ حەج و عومرە کردن پێنجن :

یەکەم : (ذُو الْحُلَيْفَة) : کە میقاتی خەڵکی مەدینە و ئەوانەشە کە بەسەر ڕێگای ئەواندا تێپەڕ دەبن و (٤٢٠) کیلۆمەتر لە مەککەوە دوورە ، وە زۆر نزیکە لە مەدینەوە و بەڵام دوورتین میقاتە لە مەککەوە .

دووەم : (الْجُحْفَة) : کە میقاتی خەڵکی شام و ئەوانەشە کە بەسەر ڕێگای ئەواندا تێپەڕ دەبن ، وە لە ڕۆژگاری ئێستادا ئەو خەڵکانە لە (رَابغ)ەوە ئیحرام دەکەن ، وە (١٨٦) کیلۆمەتر لە باکورەوە لە مەککەوە دوورە .

سێیەم : (قَرْنُ الْمَنَازِل / السَّيْلُ الْكَبِير) : کە میقاتی خەڵکی نەجد و ئەوانەشە کە بەسەر ڕێگای ئەواندا تێپەڕ دەبن و (٧٨) کیلۆمەتر لە ڕۆژهەڵاتەوە لە مەککەوە دوورە .

چوارەم : (يَلَمْلَم) : کە میقاتی خەڵکی یەمەن و ئەوانەشە کە بەسەر ڕێگای ئەواندا تێپەڕ دەبن و ماوەی (١٢٠) کیلۆمەتر لە باشورەوە لە مەککەوە دوورە .

پێنجەم : (ذَاتُ عِرْق) : کە میقاتی خەڵکی عێراقە و دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی مەککەوە بە ماوەیەك کە ئەندازەکەی (١٠٠) کیلۆمەتر .

٦ ـ سەرتاشین یان کورت کردنەوەی .

٧ ـ طەوافی ماڵئاوایی (طَواف الوَداع) بۆ جگە لە ئافرەتی بێنوێژ و زەیسان .

**پ ١١٥ / سوننەتەکانی حەج کامانەن ؟**

سوننەتەکانی حەج زۆرن ، لەوانە :

١ ـ خۆشۆردن و خۆبۆنخۆش کردن لە پێش ئیحرام کردن .

٢ ـ طەوافی گەیشتنە ناو ماڵی خوا (طَواف القُدوم) بۆ ئەو کەسەی کە حەجی بە تەنها یان حەجی هاوتا لەگەڵ عومرە پێکەوە دەکات .

٣ ـ (الرَّمَـــل : بـەخێرایی ڕۆیـشتن لەگـەڵ نزیکبـوونی هەنگاوەکان) لە سێ طەوافی سەرەتادا لە طەوافی گەیشتنە ناو ماڵی خوا (طَواف القُدوم) .

٤ ـ (الإضطباع : دەرخستنی شانی ڕاست) لـە طـەوافـی گەیشتنە ناو ماڵی خوا (طَواف القُدوم) .

٥ ـ کردنی دوو رکعات نوێژ لە پاش طەواف کردن .

٦ ـ مانەوە لە مینـا لە شەوی عەرەفەدا .

٧ ـ تەلبیەکردن لە ساتەوەختی ئیحرام کردنـەوە تـاوەکو بەردهاوێشتنە ناو حەوزی عەقەبە (حەوزە گەورەکە) .

٨ ـ کۆکردنەوەی نێوان هەردوو نوێژی نیوەڕۆ و عەسر لـە عەرەفە بە کۆکردنـەوەی پێشخستن ، وە لـە نێـوان هـەردوو نوێـژی مـەغریب و عیـشا لـە موزدەلیفـە بـە کۆکردنـەوەی دواخستن لە کاتی گەیشتن بە موزدەلیفـە ، بـە مـەرجێك کـە کاتی عیشا نەڕۆیشتبێت .

**پ ١١٦ / جیاوازی چی‌یە لە نێوان پایەکان و فەرزەکان و سوننەتەکانی حەج ؟**

پایە : ئەوەیە کە حەج کردن دروست نی‌یە ئـیللا بـەوەوە نەبێت ، وە فەرز (واجـب) : بـە وازلێهێنـانی خـوێن رشـتنێك (سەربڕینی حەیوانێك) پێویست دەبێت ، بەڵام سوننەتەکان : کردن و ئەنجامدانیان خۆشویستراوە و هیچ شـتێکیش نـی‌یـە لەسەر ئەو کەسەی کە وازیان لـێ‌دێنێت .

**پ ١١٧ / قەدەغەکراوەکانی ئیحرام کـردن بـۆ حـەج یان عومرە کردن کامانەن ؟**

قەدەغەکراوەکانی ئیحرام : ئەو شتانەیە کە قەدەغەکراون لەسەر ئەو کەسەی لە ئیحرامدایە بۆ حەج یان عومرە کردن ، ئەوانیش دەبن بە سێ بەشەوە :

**بەشی یەکەم :** بەشێکی حەرامکراوە لەسەر نێرینە و مێیینەکانیش ، ئەویش حەوت قەدەغەکراون :

١ ـ لابردنی مووی سەر بە تاشین یان جگە لەوەیش .

٢ ـ نینۆك قرتاندن .    ٣ ـ بەکارهێنانی بۆن .

٤ ـ گرێبەستی هاوسەرگیری .

٥ ـ بەرکەوتنی پێستی ژن و مێرد لەگەڵ یەکتر بە ئارەزوو و شەهوەتەوە .

٦ ـ جووتبوون .

٧ ـ کوشتنی نێچیر (ڕاوکردن) .

**بەشی دووەم :** بەشێکی حەرامکراوە لەسەر نێرینە بە تەنها ، ئەویش دوو قەدەغەکراون :

١ ـ داپۆشینی سەر .

٢ ـ لەبەرکردنی جلی دوراو .

**بەشی سێیەم :** بەشێکی حرامکراوە لەسەر مێینە بە تەنها ، ئەویش دوو قەدەغەکراون :

١ ـ پۆشینی نیقاب یان (بُرْقُع : ڕوومەت و روخسار پۆش) .

٢ ـ لەدەست کردنی دەستکێش .

**پ ١١٨ / کامەیە جوانی و چاکەکانی حەج کردن ؟**

جوانی و چاکەکانی حەج کردن زۆرن ، لە گرنگترینیان ئەمانەن :

١ ـ کۆبوونەوەی موسڵمانان لە هەموو ولاتانی جیهانەوە و بەدیهاتنی دۆستایەتی و خۆشەویستی و یەکترناسین لە نێوانیان .

٢ ـ دەرخستنی یەکریزی نێوان موسڵمانان ، وە بەڕاستی موسڵمانان یەك ئوممەتن و لە یەك شوێن و لە یەك کات و بە یەك پۆشاکەوە کۆدەبنەوە بە بێ جیاوازی لە نێوان دەوڵەمەند و فەقیر و عەرەب و عەجەم و سپی پێست و ڕەش پێست .

٣ ـ وەبیرهێنانەوەی دوارۆژ و ڕاوەستانی عەبدەکان لە پێش خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا .

❁ ❁ ❁

**بابەتی کۆکەرەوە سەبارەت بە بیروباوەڕی ئەهلی سوننە و جەماعە**

**پ ١١٩ / گروپی ڕزگاربوو لە ئاگر لە نێو گروپەکانی موسڵمانان کێن ؟**

گروپی ڕزگاربوو (الفِرقَةُ النَّاجِيَّة) لە ئاگر بریتین لە : ئەهلی سوننە و جەماعە .

**پ ١٢٠ / ئەهلی سوننە و جەماعە کێن ؟**

ئەهلی سوننە و جەماعە بریتین لەو : کەسانەی وا کۆبوونەتەوە لەسەر وەرگرتنی سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) و کارپێکردنی لە ڕواڵەت و ناوەوەیش لە وتە و کردار و بیروباوەڕیشدا .

وە وتراویشە ئەهلی سوننە بریتین لە : خەڵکانی سەر ڕێگای ڕاست ئەوانەی کە دەستیان گرتووە بە ئیسلامە ڕاست و دروستەکەوە کە (مُحَمَّد ﷺ) هێناویەتی و سەلەفی صاڵحیش لەسەری ڕۆیشتوون ، وە لەبەر ئەوەش پێیان دەوترێت : سەلەفییەکان .

**پ ١٢١ / کامەیە هۆکاری ناونانیان بە ئەهلی سوننە و جەماعە ؟**

هۆکاری ناونانیان بە ئەهلی سوننە لەبەر ئەوەیە کە ئەوان بەڕاستی دەستیان گرتووە بە سوننەتەوە ، وە هۆکاری ناونانیشیان بە ئەهلی جەماعە لەبەر ئەوەیە کە ئەوان کۆبوونەتەوە لەسەر سوننەت .

**پ ١٢٢ / کامەیە هۆکاری ناونانیان بە سەلەفییەت و سەلەفییەکان ؟**

هۆکاری ناونانیان بە سەلەفییەت و سەلەفییەکان لەبەر ئەوەیە کە ئەوان بەڕاستی لەسەر مەنهەج و بەرنامەی سەلەفی صالح ڕۆیشتوون لە صەحابەکان (رضي الله عنهم) و شوێنکەوتوانیان بە چاکە .

**پ ١٢٣ / کامەیە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە ئەهلی سوننە و جەماعە گروپی ڕزگاربوون ؟**

بەڵگە لەسەر ئەوەی کە ئەهلی سوننە و جەماعە گروپی ڕزگاربوون فەرمایشتی پێغەمبەرە (ﷺ) : ((افْتَرَقَتِ الْيَهُودُ عَلَى إِحْدَى وَسَبْعِينَ فِرْقَةً ، وَافْتَرَقَتِ النَّصَارَى عَلَى ثِنْتَيْنِ وَسَبْعِينَ

فِرْقَةً ، وَسَتَفْتَرِقُ هَذِه الأُمَّةُ عَلَى ثَلاثٍ وَسَبْعِينَ فِرْقَةً كُلُّهَا فِي النَّارِ إِلَّا وَاحِدَةٌ ، قِيلَ : مَنْ هُمْ يَا رَسُولَ اللَّه ؟ قَالَ : مَا أَنَا عَلَيْهِ الْيَوْمَ وَأَصْحَابِي)) ، وفي لفظٍ : ((الْجَمَاعَةُ))[1].

**واته : جووله‌كه‌كان** (اليهود) **پارچه‌پارچه بوون بۆ حه‌فتاویه‌ك فیرقه ، وه گاوره‌كانیش** (النصارى) **پارچه‌پارچه بوون بۆ حه‌فتاودوو فیرقه ، وه ئه‌م ئوممه‌ته‌یش له داهاتوودا پارچه‌پارچه ده‌بێت بۆ حه‌فتاوسێ فیرقه ، هه‌موویان له ئاگردان ته‌نها یه‌كێكیان نه‌بێت ، وترا : ئه‌وانه كێن ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا** (ﷺ) **؟ فه‌رمووی : "ئه‌وه‌یه كه ئه‌مڕۆ من و هاوه‌ڵانمی له سه‌ره" ، وه له له‌فزێكی تردا هاتووه : كۆمه‌ڵی موسڵمانان** (الجَمَاعَة)**ن .**

**پ ١٢٤ / كامه‌یه بیروباوه‌ڕی ئه‌هلی سوننه و جه‌ماعه سه‌باره‌ت به سه‌لماندنی سیفه‌تی به‌رزی و سیفه‌تی** (الاستواء) ؟

**بیروباوه‌ڕی ئه‌هلی سوننه و جه‌ماعه سه‌باره‌ت به سه‌لماندنی سیفه‌تی به‌رزی و سیفه‌تی** (الاستواء) **ئه‌وه‌یه كه**

---

[1] رواه الترمذي : (٢٦٤١) ، وأبو داود : (٤٥٩٦) ، وابن ماجه رقم : (٣٩٩٢) ، وصححه الألباني في صحيح ابن ماجه (٢ / ٣٦٤) .

صەحابەکان لەسەری کۆڕابوون و پێغەمبەرانیش (عَلَيهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام) لەسەری کۆڕابوون کە : بەڕاستی خوای پاك و بەرز و پایەدار لەسەرەوەی ئاسمانە لە سەرووی هەموو بوونەوەر و دروستکراوەکانەوە ، بەرزبووەتەوە بەسەر عەرشەکەیدا بەرزبوونەوەیەك کە شایستە بێت بە گەورەیی خوا ، خوای پاك و بەرز و پایەدار وەکو دروستکراوەکانی نی‌یە لە هیچ شتێك لە سیفەتەکانیدا .

**پ ١٢٥ / کامەیە بەڵگە لە قورئانی پیرۆز لەسەر سەلماندنی سیفەتی بەرزی بۆ خوا ؟**

بەڵگە لەسەر سەلماندنی سیفەتی بەرزی بۆ خوا فەرمایشتی خوای بەرز و پایەدارە : ﴿ءَأَمِنتُم مَّن فِي ٱلسَّمَآءِ أَن يَخۡسِفَ بِكُمُ ٱلۡأَرۡضَ فَإِذَا هِيَ تَمُورُ ١٦﴾ [الملك] .

واتە : ئایە ئێوە بێ‌باکن لەو خوایەی کە لە بەرزیدایە (لە سەرەوەی ئاسماندایە) بتانبات بە ناخی زەویدا و زەوی بجولێت و ئێوەش لەگەڵیا ڕۆبچن .

هەروەها فەرمایشتی خوای بەرز و پایەدارە : ﴿سَبِّحِ ٱسۡمَ

رَبِّكَ ٱلۡأَعۡلَى ۝١﴾ [الأعلى] واتـه : تـەسبیحاتی ناوی پـەروەردگاری بەرزت بکە .

وە جگە لەمانەش لە ئایەتەکانی قورئان .

**پ ١٢٦ / کامەیە بەڵگە لە فەرموودە لەسەر سەلماندنی سیفەتی بەرزی بۆ خوا ؟**

بەڵگە لە فەرموودە لەسەر سەلماندنی سیفەتی بەرزی بـۆ خـوا فـەرموودەی کەنیزەکەکەیـە کاتێـک کـە پێغەمبـەر (ﷺ) پرسیاری کرد و فەرمووی : ((أَيْنَ اللَّهُ ؟ خوا لە کوێیە ؟

فَقَالَتْ : فِي السَّمَاءِ .

ئەویش وتی : لە بەرزیدایە (لە سەرەوەی ئاسماندایە) .

قَالَ : مَنْ أَنَا ؟ فەرمووی : ئەی من کێم ؟

قَالَتْ : أَنْتَ رَسُولُ اللَّهِ .

ئەویش وتی : تۆیش پێغەمبەری خوایت .

قَالَ : أَعْتِقْهَا فَإِنَّهَا مُؤْمِنَةٌ))[1] فـەرمووی : ئـازادی بکـە چونکە بەڕاستی ئەمە ئافرەتێکی ئیماندارە .

---

(١) رواه مسلم : (٥٣٧) .

**پ ١٢٧ / کامەیە بەڵگە لەسەر سەلماندنی سیفەتی** (الاستواء) ؟

**بەڵگە لەسەر سەلماندنی سیفەتی** (الاستواء) **فەرمایشتی خوای بەرز و پایەدارە :** ﴿ٱلرَّحۡمَٰنُ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ ٱسۡتَوَىٰ ۝٥﴾ [طـه] **واتە : خوای میهرەبان و رەحمەت فراوان بەرزبووەتەوە بەسەر عەرشدا ، وە لە شەش شوێنی قورئاندا فەرمایشتی خوای بەرز و پایەداریش هاتووە :** ﴿ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ﴾ **لە سورەتی** [الأعراف : ٥٤] **و سورەتی** [يونس : ٣] **و سورەتی** [الرعد : ٢] **و سورەتی** [الفرقان : ٥٩] **و سورەتی** [السجدة : ٤] **و سورەتی** [الحديد : ٤] **واتە : ئەنجا خوا بەرزبووەتەوە بەسەر عەرشدا .**

**پ ١٢٨ / واتای** (الاستواء) **کامەیە ؟**

معنى الاستواء : العلوُّ والارتفاع ، (الاستواء) **واتە : بەرزی ،** يعني ارتفع فوقَ العرش وعَلا فوقَهُ ، **واتە : خوا بەرزبووەتەوە بەسەر عەرشدا و لەسەرەوەی عەرشە .**

**واتای** (الاستواء) **لە زمانی عەرەبیدا زانراوە ، بەڵام**

چـۆنێتیەکەی نـەزانراوە ، هــەروەکو چـۆن ئیمــامی مالــك رەحمـەتی خـوای لێبێـت فەرموویـەتی : (اِلاسْــتِوَاءُ مَعْلُــومٌ ، وَالْكَيْفُ مَجْهُولٌ ، وَالْإِيــمَانُ بِهِ وَاجِبٌ ، وَالسُّؤَال عَنْهُ بِدْعَةٌ) **واتە :** (الاســـتواء) زانـراوە و چـۆنێتیەکەی نـەزانراوە و بـاوەڕبوون پـێی واجبە و پرسـیارکردنیش لەبارەیـەوە بیدعەیـە ، واتـە : پرسیارکردن سەبارەت بە چۆنێتییەکەی بیدعەیە ، وە ئەمـە بنەمایەکی گـشتی‌یـە بـۆ هـەموو سـیفەتەکان کـە واتاکانیـان زانراون و چۆنێتیەکانیان نەزانراون .

**پ ١٢٩ / کامەیـە بیروبـاوەڕی ئـەهلی سـوننە و جـەماعـە سەبارەت بە قورئانی پیرۆز ؟**

بیروبۆچونی ئەهلی سوننە و جەماعە سەبارەت بە قورئانی پیرۆز ئەوەیە کە بەڕاستی قورئان وتە و فەرمایشت و کەلامی خوای بەرز و پایەدارە پیتەکانی و واتاکانیشی ، دابەزێنراوە و دروسـتکراو نـی‌یـە ، لـە ئـەوەوە هـاتووە و بـۆلای ئـەویش دەگەڕێتـەوە ، خـوا خـۆی فەرموویـەتی بـە حەقیقـەت و داویـەتی بـە جبریـل و ئـەویش دایبەزاندووەتـە سـەر دڵـی پێغەمبەر (مُـــحَمَّد ﷺ) .

**پ ١٣٠ / کامەیە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە قورئانی پیرۆز بەشێکە لە وتە و کەلامی خوای بەرز و پایەدار ؟**

بەڵگە فەرمایشتی خوای بەرز و پایەدارە : ﴿وَإِنْ أَحَدٌ مِّنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ٱسْتَجَارَكَ فَأَجِرْهُ حَتَّىٰ يَسْمَعَ كَلَٰمَ ٱللَّهِ ۝٦﴾ [التوبة] .

واتە : وە ئەگەر یەکێك لە موشریکەکان داوای پەنادانی لێت کرد ئەوا پەنای بدە تاوەکو کەلامی خوا ببیسێت .

وە مەبەستیش بە کەلامی خوا لەم ئایەتەدا قورئانە .

**پ ١٣١ / کامەیە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە قورئانی پیرۆز دابەزێنراوە و دروستکراو نی‌یە** (مُنَزَّلٌ غيرُ مَخلوق) ؟

بەڵگە لەسەر ئەوەی کە قورئانی پیرۆز دابەزێنراوە فەرمایشتی خوای بەرز و پایەدارە : ﴿تَبَارَكَ ٱلَّذِي نَزَّلَ ٱلْفُرْقَانَ عَلَىٰ عَبْدِهِۦ ۝١﴾ [الفرقان] واتە : خێر و فەڕی زۆرە ئەو خوایەی کە قورئانی جیاکەرەوەی نێوان حەق و باتڵی دابەزاندووەتە سەر عەبدەکەی .

وە بەڵگەش لەسەر ئەوەی کە قورئانی پیرۆز دروستکراو نی‌یە فەرمایشتی خوای بەرز و پایەدارە : ﴿أَلَا لَهُ ٱلْخَلْقُ

وَٱلۡأَمۡرُۗ ﴿٥٤﴾ ﴾ [الأعراف] واتە : بزانە تـەنها بـۆ خوايـە دروسـت كردن و فەرمان دەركردن ، فەرمانەكەی كردووە بە جگـە لـە دروســت كــردن ، وە قورئــانيش لــە فەرمانەكەيــە لەبــەر فەرمايشتی خـوای بـەرز و پايـەدار : ﴿وَكَذَٰلِكَ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ رُوحٗا مِّنۡ أَمۡرِنَاۚ ﴿٥٢﴾ ﴾ [الــشورى] واتــە : هــەروەكو چـۆن وەحييمـان ناردووە بۆ پێغەمبەرانی تر بەهەمان شێوەش وەحييمـان لـە فەرمانی خۆمان بۆ تۆيش ناردووە .

هــەروەها قورئــانی پــیرۆز دروســتكراو نــیيــە چــونكە فەرمايــشت و كــەلامی خــوا ســيفەتێكە لــە ســيفەتەكانی و سيفەتەكانی خوای بەرز و پايەداريش دروستكراو نين .

## پ ١٣٢ / كامەيە بيروباوەڕی ئەهلی سوننە و جەماعە سەبارەت بە بينينی خوای بەرز و پايەدار ؟

بيروباوەڕی ئەهلی سوننە و جەماعە سەبارەت بە بينينـی خــوای بــەرز و پايــەدار ئەوەيــە كــە بەڕاســتی ئيمانــداران پەروەردگاری خۆيان ئاشكرا بە چاوەكانيان دەبينن لە ڕۆژی قيامەتدا (لە ساحەی مەحشەر) و لە بەهەشتيشدا .

**پ ١٣٣ / کامەیە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە ئیمانداران لە دواڕۆژدا پەروەردگاری خۆیان دەبینن ؟**

بەڵگە لەسەر ئەوەی کە ئیمانداران لە دواڕۆژدا پەروەردگاریان دەبینن فەرمایشتی خوای بەرز و پایەدارە : ﴿وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَاضِرَةٌ ﴿٢٢﴾ إِلَى رَبِّهَا نَاظِرَةٌ ﴿٢٣﴾﴾ [القيامة] واتە : لە ڕۆژی قیامەتدا روومەتانێك گەشاوە و درەوشاوەن ﴿٢٢﴾ سەیری پەروەردگاریان دەکەن .

هەروەها فەرمایشتی خوای بەرز و پایەدارە : ﴿لِّلَّذِينَ أَحْسَنُوا الْحُسْنَىٰ وَزِيَادَةٌ ﴿٢٦﴾﴾ [يونس] واتە : ئەوانەی کە چاکەیان کردووە بەهەشتیان بۆ هەیە و لەوەیش زیاتر ، وە لە فەرموودەی صەحیحدا هاتووە کە (الْحُسْنَىٰ) : بریتییە لە بەهەشت و (الزِّيادة)ش : بریتییە لە سەیرکردنی روومەت و روخساری خوای بەخشندە[1] .

**پ ١٣٤ / کامەیە بیروباوەڕی ئەهلی سوننە و جەماعە سەبارەت بە ئیمان ؟**

ئەهلی سوننە و جەماعە باوەڕیان وایە کە ئیمان وتەیە بە

---

[1] صحيح مسلم : (١٨١) .

زمـان و بیروبــاوەڕە بـە دڵ و کردەوەیـشە بـە ئەندامـەکانی لەش ، بە تاعەت و چاکە کردن زیاد دەکات و بە سەرپێچی و خراپە کردنیش کەم دەکات .

**پ ١٣٥ / کامەیە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە وتە و کردەوە بەشێکن لە ئیمان ؟**

بەڵگە لەسەر ئەوەی کە وتە و کردەوە بەشێکن لە ئیمان فەرمایشتی پێغەمبەرە (ﷺ) : ((الْإِيـــمَانُ بِضْعٌ وَسَبْعُونَ شُعْبَةً ، فَأَفْضَلُهَا قَوْلُ : لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ ، وَأَدْنَاهَا إِمَاطَةُ الْأَذَى عَنِ الطَّرِيقِ ، وَالْحَيَاءُ شُعْبَةٌ مِنَ الإِيـــمَانِ))[1] .

واتــە : ئیمـان حـەفتا و ئەوەنـدە* بەشـە ، باشـترینیان وتەی (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه)یە ، وە نزمترینیان دوورخستنەوە و لادانی شـتی ئەزیەتـدەرە لەسـەر ڕیگاوبـان ، وە شـەرم کـردنیش بەشێکە لە ئیمان .

لێرەدا وتە و کردەوەی بە بەشێك لە ئیمان دانا .

---

[1] رواه البخاري (٩) ، ومسلم : (٣٥) واللفظ له .

* (بِضْع) لە زمانی عەرەبیدا لە نێوان سێ بۆ نـــۆ دەگرێتـەوە ، کەواتـە لێـرەدا مەبەسـت بـە وشـەی (حەفتا و ئەوەندە) بریتیـیە لە (حەفتا و سێ ... بۆ حەفتا و نـۆ) .           وەرگێڕ

**پ ١٣٦ / کامەیە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە ئیمان زیاد و کەم دەکات ؟**

بەڵگە لەسەر ئەوەی کە ئیمان زیاد و کەم دەکات فەرمایشتی خوای بەرز و پایەدارە : ﴿وَيَزْدَادَ الَّذِينَ آمَنُوا إِيمَانًا ﴿٣١﴾﴾ [المدثر] واتە : وە ئیمانی ئەوانەی کە ئیمانیان هێناوە زیاد بکات .

وە بەڵگەی زیادبوونی ئیمان هەر خۆی بەڵگەشە لەسەر لەباربوونی کەمبوونی .

**پ ١٣٧ / کامەیە بیروباوەڕی ئەهلی سوننە و جەماعە سەبارەت بە وابەستەبوون بە کۆمەڵی موسڵمانانەوە** (لزوم الجماعة) **لەگەڵ باسکردنی بەڵگە ؟**

ئەهلی سوننە و جەماعە باوەڕیان بە پێویست(واجب)بوونی وابەستەبوون بە کۆمەڵی موسڵمانان و پێشەواکەیان و جیانەبوونەوە لێیان هەیە ، وە بەڵگەش فەرمایشتی خوای بەرز و پایەدارە : ﴿وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا ﴿١٠٣﴾﴾ [آل عمران] واتە : هەمووتان دەست بگرن بە دین و بەرنامەکەی خواوە و پارچەپارچە مەبن .

**پ ١٣٨ / کامەیە بیروباوەڕی ئەهلی سوننە و جەماعە سەبارەت بە گوێڕایەڵی کاربەدەستان ؟**

**ئەهلی سوننە و جەماعە باوەڕیان بە پێویست(واجب)بوونی گوێڕایەڵی کاربەدەستانی موسڵمانان لە چاکەدا هەیە ئەگەر چی ئەو کاربەدەستانە خراپەکار و تاوانباریش بن ، وە بەڵگەش فەرمایشتی پێغەمبەرە (ﷺ) :** ((عَلَى الْمَرْءِ الْمُسْلِمِ السَّمْعُ وَالطَّاعَةُ فِيمَا أَحَبَّ وَكَرِهَ إِلَّا أَنْ يُؤْمَرَ بِمَعْصِيَةٍ ، فَإِنْ أُمِرَ بِمَعْصِيَةٍ فَلَا سَمْعَ وَلَا طَاعَةَ))[1] **واتە : پێویستە لەسەر کەسی موسڵمان گوێگر و گوێڕایەڵ بێت لەوەی کە پێیخۆشە و لەوەش کە پێیناخۆشە ئیللا مەگەر فەرمانی پێبکرێت بە تاوان ، وە ئەگەر فەرمانی پێکرا بە تاوان ئەوا نە گوێگرتن و نە گوێڕایەڵی دەمێنێت .**

**پ ١٣٩ / کامەیە بیروباوەڕی ئەهلی سوننە و جەماعە سەبارەت بە ئەنجامدەری تاوانی گەورە** (فاعل الكبيرة) **لەگەڵ باسکردنی بەڵگە ؟**

**حوکمی ئەنجامدەری تاوانی گەورە بەلای ئەهلی سوننە و**

---

[1] رواه البخاري (٧١٤٤) ، ومسلم : (١٨٣٩) .

جەماعــەوە ئەوەیــە كــە ئــەو كەســە كــافر نابێــت و بــە هەتاهەتاییش لـە ئـاگردا نامێنێتـەوە و حـاڵ و دەرئـەنجامی بۆلای خوا دەگەڕێتەوە ، ئەگەر ویستی سزای دەدات بـەوەی كـە شایـستەیە ، وە ئەگـەر ویـستی لــێی خـۆش دەبێـت ، لەبەر فەرمایشتی خوای بەرزو پایەدارە : ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِۦ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ۚ ﴿٤٨﴾ ﴾ [النساء] .

واتـە : بەڕاسـتی خـوا لـەوە خۆشـنابێت كـە شـەریكی بـۆ دابنرێت ، وە لە خـواررووی ئـەوەوە لـە هـەموو تـاوانێكی تـر خۆشدەبێت بۆ هەركەسێك ویستی لـێ هەبێت .

**پ ١٤٠ / كامەیە حوكمی كافركردنی موسڵمان** (حكـــم تكفير الـــمسلم) ؟ **وە كامەیە بەڵگە ؟**

كـافركردنی موسڵمان حەرامە ، وە بەڵگـەش فەرمـایشتی پێغەمبەرە (ﷺ) : ((مَنْ رَمَى مُؤْمِنًا بِكُفْرٍ فَهُوَ كَقَتْلِه))[1] واتـە : هەركەسێك موسڵمانێك تومەتبار بكات بە كوفر ئـەوە وەكـو كوشتنی وایە .

(1) رواه البخاري (٦١٠٥) .

**پ ١٤١ / کامەیە بیروباوەڕی ئەهلی سوننە و جەماعە سەبارەت بە صەحابە ؟**

بیروباوەڕی ئەهلی سوننە و جەماعە سەبارەت بە صەحابە ئەوەیە کە : دڵیان سەلامەتە لە کینە و ڕق و دژایەتی دەرحەق بە صەحابەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، وە زمانیشیان سەلامەتە لە تانەلێدان و قسەپێوتن ، وە ئەوان صەحابەیان خۆشدەوێت و دوعایان بۆ دەکەن کە خوا لێیان ڕازی بێت و شوێنیان دەکەون بە چاکە و دوعایان بۆ دەکەن بەوەی کە خوای بەرز و پایەدار باسیکردووە لەبارەیانەوە : ﴿رَبَّنَا ٱغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَٰنِنَا ٱلَّذِينَ سَبَقُونَا بِٱلْإِيمَٰنِ ﴿١٠﴾﴾ [الحشر] واتە : پەروەردگارمان لە ئێمە و ئەو برایانەشمان کە بە ئیمان پێشمان کەوتوون خۆشببە .

**پ ١٤٢ / کامەیە بیروباوەڕی ئەهلی سوننە و جەماعە سەبارەت بە کەسوکاری پێغەمبەر (ﷺ) ؟**

بیروباوەڕی ئەهلی سوننە و جەماعە سەبارەت بە کەسوکاری پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەیە کە بەڕاستی خۆشیان دەوێن لەبەر دوو شت : لەبەر ئیمانەکەیان ، وە لەبەر

خزمایەتی و نزیکیان لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) ، بەڵام زیادەڕەویان تێدا ناکەن بە پەرستنیان جگە لە خوا یان باوەڕبوون بەوەی کە ئەوان پارێزراون لە هەڵەکردن .

**پ ١٤٣ / کامەیە بیروباوەڕی ئەهلی سوننە و جەماعە سەبارەت بە دۆستایەتی و تەبەڕالێکردن** (الوَلاء والبَراء) ؟

بیروباوەڕی ئەهلی سوننە و جەماعە سەبارەت بە دۆستایەتی و تەبەڕالێکردن ئەوەیە کە ئەمە لە پێویستیەکانی ئیمانە و خواستراوی شایەتیدانە بە (لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ) .

وە واتای دۆستایەتی کردن (الـوَلاء) بریتییە لە : خۆشویستنی خوای بەرز و پایەدار و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) و موسڵمانان .

وە واتای تەبەڕالێکردن (البَراء) بریتییە لە : تەبەڕاکردن لە بێباوەڕی و بێباوەرەکان و دۆستایەتی نەکردنیان و وازهێنان لە خۆشوبهاندن پێیان لەوەی کە لە تایبەتمەندیەکانیانە ، بەڵام تەبەڕاکردن لە کافر و بێباوەرەکان ئەوە ناخوازێت کە زوڵم و ستەمیان لێبکرێت و دەستدرێژییان بکرێتەسەر یان ڕێگری بکرێت لە مامەڵەکردن

لەگـەڵیان ، بـەڵکو ئیـسلام هـاتووە بـە شـەرعیەت بـوون و ڕێگەدان بە چاکەکاری لەگەڵ ئەوانەیان کە ئاشتیخوازن .

**پ ١٤٤ / کامەیـە بیروباوەڕی ئـەهلی سـوننە و جەماعـە سەبارەت بە** (عیسى عَلَيْهِ السَّلَامُ) ؟

بیروباوەڕی ئەهلی سوننە و جەماعە سەبارەت بـە (عیسى عَلَيْهِ السَّلَامُ) ئەوەیە کە (عیسى) عەبد و پێغەمبەری خوایە ، عەبدە و ناپەرسترێت ، وە پێغەمبەریشە و بەدرۆناخرێتەوە ، وە ئـەو مرۆڤێکە لە نەوەکانی ئادەم ، دروسـتکراوە لـە دایکـەوە بـە بێ باوك .

**پ ١٤٥ / کامەیـە هەڵوێـستی ئـەهلی سـوننە و جەماعـە سەبارەت بە دین و ئاینەکانی تـری وەکـو یەهودییـەت و نەصرانییەت ؟ وە کامەیە بەڵگە ؟**

ئـەهلی سـوننە و جەماعـە بیروباوەڕیـان وایـە کـە ئـاینی ئیسلام هەموو ئاینەکانی پێشووتری نەسخ کردووەتەوە و لە کاری خستوون ، وە بەڕاستی خوای بەرز و پایەدار لـە پـاش ناردنی (مُحَمَّد ﷺ) هیچ دین و ئاینێك لە هیچ کەسێك قـەبوڵ ناکات جگە لە ئاینی ئیسلام .

**پ ١٤٦ / کامەیە بەڵگە لە قورئانی پیرۆز لەسەر ئەوەی کە ئیسلام ئاینی حەقە و ئاینەکانی تری جگە لە ئیسلام بەتاڵ و پووچەڵن ؟**

بەڵگە لە قورئانی پیرۆز لەسەر ئەوەی کە ئیسلام ئاینی حەقە و ئاینەکانی تر بەتاڵ و پووچەڵن فەرمایشتی خوای بەرز و پایەدارە : ﴿ وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ ٱلْإِسْلَٰمِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِى ٱلْءَاخِرَةِ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٨٥﴾ ﴾ [آل عمران] .

واتە : **هەرکەسێك بەدوای هەر ئاینێکی تردا بگەڕێت جگە لە ئیسلام ئەوا لێی قەبوڵ ناکرێت و ئەو کەسەش لە دواڕۆژدا لە دۆڕاو و زەرەرمەندانە .**

**پ ١٤٧ / کامەیە بەڵگە لە فەرموودە لەسەر پێویست** (واجب)**بوونی باوەڕهێنان بە ئاینی ئیسلام کە پێغەمبەر** (مُحَمَّد ﷺ) **هێناویەتی ؟**

بەڵگە لە فەرموودە لەسەر پێویست (واجب)بوونی باوەڕهێنان بە ئاینی ئیسلام کە پێغەمبەر (مُحَمَّد ﷺ) هێناویەتی فەرمایشتی پێغەمبەرە (ﷺ) : ((وَالَّذِي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ لاَ يَسْمَعُ بِي أَحَدٌ مِنْ هَذِهِ الأُمَّةِ يَهُودِيٌّ وَلاَ نَصْرَانِيٌّ

ثُمَّ يَــمُوتُ وَلَمْ يُؤْمِنْ بِالَّذِي أُرْسِلْتُ بِهِ إِلاَّ كَانَ مِنْ أَصْــحَابِ النَّارِ))[١] واته : سوێند بەو خوایەی کە گیانی منی بەدەستە هیچ کەسێك نییە لەم ئوممەتەدا هاتنی من ببیسێت (واته ئاینی ئیسلامی پێبگات) : جوولەکە بێت یاخود گاور ئەنجا بمرێت و باوەڕی بەو ئاینە نەهێنابێت کە منی پێنێردراوە ئیللا ئەو کەسە دەبێتە خەڵکی ئاگر .

**پ ١٤٨ / کامەیە هەڵوێستی ئەهلی سوننە و جەماعە سەبارەت بە دەقەکانی قورئان و فەرموودە ؟ لەگەڵ منی باسکردنی بەڵگە .**

**هەڵوێستی ئەهلی سوننە و جەماعە سەبارەت بە دەقەکانی قورئان و فەرموودە بریتی‌یە لە ملکەچبوون و پابەندبوون بە دەقەکانی قورئان و فەرموودە صەحیحەکان و بەرهەڵستی نەکردنیان بە ڕاوبۆچبوون یان بە عەقڵ ، بەڵگەش فەرمایشتی خوای بەرز و پایەدارە :** ﴿ فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا ﴿٦٥﴾ ﴾ [النساء] .

---

[١] رواه مسلم : (١٥٣) .

واتە : سوێند بە پەروەردگارت ئەی پێغەمبەر ئەو خەڵکە باوەڕ ناهێنن تاوەکو تۆ نەکەن بە دادوەر لەو شتانەدا کە ناکۆکی دەکەوێتە نێوانیانەوە تێیدا و ئەنجا لە ناخیانەوە دڵگران نەبن بەو بڕیارەی تۆ و ملکەچ ببن بە تەواوی .

**پ ١٤٩ / کامەیە هەڵوێستی ئەهلی سوننە و جەماعە سەبارەت بە جیهاد و تێکۆشان لە پێناوی خوا ؟**

ئەهلی سوننە و جەماعە بیروباوەڕیان وایە کە جیهاد و تێکۆشان لوتکە و چڵەپۆپەی ئیسلامە ، وە شەرعیەتی پێدراوە بۆ ئەوەی کە وتەی خوا بەرز و باڵا و سەروەر بێت ، بەڵام چەند مەرجێك بۆ جیهاد پێویستە ، لەگرنگترینیان : هەبوونی هێز و توانایە ، وە لە سایەی ئاڵایەکیش بێت کە کاربەدەستی موسڵمانان دابمەزرێنێت .

**پ ١٥٠ / کامەیە هەڵوێستی ئەهلی سوننە و جەماعە سەبارەت بە کردارەکانی گروپە تیرۆرستییەکان کە ناویدەنێن جیهاد ؟**

ئەهلی سوننە و جەماعە حاشا و تەبەڕا دەکەن لە کرداری تیرۆرستەکان ئەگەر چی ناویشی لێبنێن جیهاد ، چونکە

بەڕاستی ئەوان لەسەر مەنهەج و بەرنامەی خەوارجەکانن ، وە لەبەر ئەوەش کە کردارەکانیان کرداری خراپن و شێواندن و لەکەدارکردنی ئیسلام و تۆقاندنی کەسانی ئارام و کوشتنی کەسانی بێتاوانی خوێن پارێزراو لەخۆ دەگرێت ، وە زیان و زەرەر و وێرانکاری بەدیدێنێت لە وڵاتی موسڵمانان‌دا .

وَبِاللهِ التَّوفِيق ، وَصَلَّى اللهُ وَسَلَّم عَلَى نَبِيِّنَا مُحَمَّدٍ

❁ ❁ ❁

**سوپاس بۆ خوای گەورە دەستمدایە وەرگێڕانی**
**ئەم کتێبە زۆر بەسوود و گرنگە**
**لە ناو مزگەوتی (شێخ إبراهیم) / لە شاری کەلار**
**لە ڕۆژی شەممە / پاش نوێژی عەسر**
**(٤ / جُمادی الآخرة / ١٤٤٠) بەرامبەر بە (٩ / ٢ / ٢٠١٩)[١]**

**هەروەها سوپاس بۆ خوای گەورە تەواو بووم لە وەرگێڕانی**
**لە ڕۆژی یەك شەممە / پاش نوێژی عەسر**
**(٢٠ / شەوال / ١٤٤٠) بەرامبەر بە (٢٣ / ٦ / ٢٠١٩)**
**کوردستان / کەلار / مزگەوتی شێخ إبراهیم**
**محمد عبد الرحمن لطیف**

---

[١] لە سەفەری عومرەی ساڵی (١٤٤٠) لە شاری مەککەی پیرۆز لە ناو (المسجد الحرام) گەیشتم بە خزمەت مامۆستا و بانگخواز (عبد الرحمن الودعان) و دوای یەکتر ناسین ئەم کتێبەی بە دیاری پێدام و منێش خۆشحاڵ بووم و بەڵێنی ئەوەم پێدان کە لە پاش گەڕانەوەم بۆ کوردستان وەریبگێڕمە سەر زمانی کوردی ، ئەویش ئەم هەواڵەی گەیاندبووە نووسەری کتێبە (الشیخ عمر بن عبد الرحمن العمر) ، وە منیش لە بەرواری (١٠ / صفر / ١٤٤٠ ـ ١٩ / ١١ / ٢٠١٨) نامەیەکی خۆناساندنم بۆ ناردن و بەڕێزیشیان لە بەرواری (١١ / صفر / ١٤٤٠ ـ ٢٠ / ١١ / ٢٠١٨) لە وەڵامدا نامەیەکی دەنگیان بۆ ناردم کە ئەمە پوختەکەیەتی : (وعلیکم السلام ورحمة الله وبركاته ، حیاك الله الشیخ محمد عبد الرحمن ... أخبرني عنك الشیخ عبد الرحمن الودعان عن رغبتكم في ترجمة كتاب "**إرشاد الأنام إلى أصول ومهمات دین الإسلام**" ، وأنا حقیقة مسرورٌ جداً بهذه الرغبة ونقول : جزاك الله خیرا ، وأسأل الله أن یجعل هذه الرغبة في میزان حسناتكم ، ونحن نُعین ونعاون ولیس عندنا مانع في هذه الأمر ، فاستعینوا بالله ، ووفقكم الله لما یُحبُّ ویرضى ، ونسأل الله التوفیق والإعانة والتیسیر ، وجزاكم الله خیر الجزاء) .

وە لە پاش لێبووەنەوەم لە وەرگێڕانی کتێبەکە لە بەرواری (٢٠ / شەوال / ١٤٤٠) بەرامبەر بە (٢٣ / ٦ / ٢٠١٩) ئەم نامەیەم بۆ ناردن : (السلام علیكم ورحمة الله وبركاته : كیف حالكم فضیلة الشیخ .. عساكم بخیر ، حمداً لله فقد انتهیتُ قبل قلیل من ترجمة كتابكم "**إرشاد الأنام**" إلى اللغة الكردیة ، أسأل الله تعالى أن یجعل هذا ذخراً لي ولكم لیوم القیامة ، ونفع الله بكم ورفع قدركم في الدارین) .

بەڕێزیشیان لە هەمان بەرواردا لە پاش دوو خولەك لە وەڵامدا ئەم نامەیەیان بۆ ناردم : (وعلیكم السلام ورحمة الله وبركاته ، أهلا وسهلا شیخ محمد ، وجزاك الله خیرا على جهودك المباركة وجعل ذلك في میزان حسناتك) .

# فضلُ طباعة الكتب الشرعية

(**السؤال** : هل طباعة الكتب الشرعية الصحيحة ينتفع بـــها الإنسان بعد موته ويدخل في العلم الذي ينتفع به كما جاء فـــي الـــحديث ؟

**الـــجواب** : طباعة الكتب الـــمفيدة التـــي ينتفع بـــها النـــاس في أمور دينهم ودنياهم من الأعمال الصالـــحة التـــي يُثاب الإنسان عليها في حياته ويبقى أجرها ويـــجري نفعها له بعد مـــماته ، ويـــدخل في عموم قوله (ﷺ) فيما صحَّ عنه من حديث أبـــي هريرة (رضي الله عنه) أنَّ رسول الله (ﷺ) قال : ((إِذَا مَاتَ الْإِنْسَانُ انْقَطَعَ عَنْهُ عَمَلُهُ إِلَّا مِنْ ثَلَاثٍ : صَدَقَةٍ جَارِيَةٍ ، أَوْ عِلْمٍ يُنْتَفَعُ بِهِ ، أَوْ وَلَدٍ صَالِحٍ يَدْعُو لَهُ)) [رواه الإمـــام مـــسلم في صحيحه والترمذي والنسائي والإمام أحمد] .

وكلٌّ من ساهم في إخراج هذا العلم النافع يحصل على هذا الثـــواب العظيم سواء كان مُؤلفًا أو مُعلِّمًا أو ناشرًا له بين الناس أو مُخرجًـــا أو مساهمًا في طباعته ، كلٌّ بحسب جهده ومشاركته في ذلك .

وبالله التوفيق ، وصلى الله وسلم على نبينا محمد وآله وصحبه وسلم) .

اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء

| الرئيس | نائب الرئيس | عضو |
|---|---|---|
| عبد العزيز بن عبد الله بن باز | عبد العزيز بن عبد الله آل الشيخ | بكر بن عبد الله أبوزيد |

## فەزڵ و چاکەی لەچاپدانی کتێبی شەرعی

**پرسیار** : ئایا لەچاپدانی کتێبە شەرعیە ڕاستەکان مرۆڤ لە پاش مردنی سوودیان لێدەبینێت و ئەمە دەچێتە ناو ئەو زانستەوە کە سوودی لێدەبینرێت هەروەکو لە فەرموودەکەدا هاتووە ؟

**وەڵام** : لەچاپدانی کتێبە بەسوودەکان کە خەڵك لە بوارەکانی دین و دونیایان سوودیان لێدەبینن لەو کردارە چاکانەیە کە مرۆڤ لە ژیانیدا پاداشتیان لەسەر وەردەگرێتەوە و پاداشتەکەشی دەمێنێتەوە و سوودەکەی بەردەوام دەبێت بۆی لە پاش مردنشی ، وە ئەمەش دەچێتە ناو گشتێتی ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەرەوە (ﷺ) کە بە صەحیحی لێیەوە هاتووە لە فەرموودەی (أبو هريرة)وە (رضي الله عنه) کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ئەگەر مرۆڤ مرد ئەوا کردەوەکانی لێی دەبڕێتەوە تەنها لە سێ شتدا نەبێت : صەدەقە و بەخشینێکی نەبڕاوە ، یان زانستێك سوودی لێببینرێت ، یان منداڵێکی صالح دوعای بۆ بکات .

وە هەرکەسێك بەشداری بکات لە دەرهێنانی ئەم زانستە بەسوودە ئەوا ئەم پاداشتە گەورەیەی دەست دەکەوێت چ دانەر بێت یان مامۆستا و فێرکار بێت یان لە ناو خەڵکدا بڵاوی بکاتەوە یان دەریبهێنێت یان بەشداری بکات لە لەچاپدانی ، هەرکەسە و بە پێی هەوڵ و بەشداری کردنی لەوەدا پاداشتی بۆ هەیە .